# خۆشةويستي يان ئازادي سكسي و ئايدياي فيمي  مي؟ .... كازموة سالَح

(ئەگەر خۆشەویستی وون بوو ، ئەوا هەموو
ئەو شتانە وون دەبن کە پێویستە هەبێت)
شکسپیر

***مامۆستاکەم لە درێژەی پرسیارەکانیدا کە لە هەمووماتی دەپرسی ، نۆبە هاتە سەر ئەو هاورێ پۆلەم کە تەنها چەند مانگێک بوو ولاَتی جوبە و عەمامەی بە جێ هێشتبوو ، پرچەکانیشی تەنها ئەو چەند مانگە هەوای دەرەوەی حیجاب و جوبەی هەڵمژی بوو دەپرسێت :***

- ***تۆ پەیوەندی خۆشەویستیت لە گەڵ هیچ کورێکدا هەیە لەوەتەیٚ هاتوویتە ئێرە ؟***

***ئەویش وەلامی مامۆستاکەمان دەداتەوە :-***

- ***نەخێر من هیچ کەسێکم خۆش ناوێت .***
- ***مامۆستا : بەلاَم تۆ دوێنێ گوتت من لە گەڵ هاورێ کورەکەم*** boy friend ***دا دەژیم ! ،کە وابزانم ئەمە جورئەتێکی باشە بۆ خەڵکانی لای ئێوە چونکە قوتابییەکانی دی بۆیان باس کردووم کە ژن لای ئێوە ئەو مافەی نییە ؟***

***- قوتابی : بەڵێ وایە من لە گەڵ هاورێ کورەکەم دەژیم ، بەلاَم خۆشم ناوێت وە من نامەوێت پیاوم خۆش بوێت چونکە فیمنستم .***
***بە خۆم نەبوو کە زۆر بە تورەی لێی هاتمە وەلاَم کە فیمنست لەو وون بوونەی ئەو بێ بەرییەو ، ئەو تاوانە چۆن دەداتە پاڵ فیمنست .***
***- مامۆستاکەمان گووتی تۆ یارمەتیم بدە من پێم خۆشە لێی بپرسم کە ئەو نایەوێت پیاو خۆش بوێت لە ژێر ناوی هەر بیانوویەکدا بێت ، ئەی بە چ بیانوویەک لە گەڵ ئەو کورەدا دەژی ؟***

***زۆر بە متمانە بوون بە خۆ و بە دەنگێکی نێرانە گووتی :***

- ***لە گەڵیدا دەژیم بە بەرژەوەندی فیزیکی خۆم ، لەشم پێویستی پییەتی .***

***منیش لێی دەپرسم :***

- ***باشە پەیوەندی لەشی بێ پەیوەندی رۆحی پەیوەندیکی ئاژەڵیانە نیە ،ئەی لای کورەکە خۆشیدا بەم شێوە قسە دەکەیت یان دەڵێیت خۆشم ئەوێیت ؟!***
- ***بەڵێ ئەڵێم خۆشم ئەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆم .***

***لێرەدا هەر یەک واز لە گفتوگۆکردنەکە دەهێنین چونکە دەزانین بەرەو قێزەونی دەچێت و هێلی سور دەبرێت بەرەو ناشیرین کردنی هەستە جوانەکان و راستگووی .***
***ئەو وتوێژەی کورتەی سەرەوە وبانگەشەی هەندێ خانمی کورد کە بەو دوایە لە وادەی زماوەند کردنی نوێمان لە گەڵ عێراقدا پەیدا بوون و لە رۆژنامەکانەوە ناوی خۆیان دەڵێن و***

دان بەوەدا دەنێن لەش فرۆشن گوایە جەسوورییە ، پاڵنەر بوون بۆ نووسینی ئەم بابەتە ، تێگەشتن لە خۆشەویستی لای فیمینزم و مرۆڤی فیمنستی وەکو ئەوەی کە هەیە ، نەک وەکوو ئەوەی خواستی ناچیزەیّ مرۆڤەکان چوارچێوەی بۆ دادەڕژێت و بەهانەیەکی بۆ دەدۆزنەوە کە ئەو خواستە نەشیاوەیان لە خۆ بگرێت ، ژنی ڕۆژهەڵاتیش چونکە خاوەنی بیر و خۆیندەواری و ئەندیشەی دژوارە و لە فکری فیمینزمی و مرۆڤی فیمینست تێناگات ، لە بنەمادا فکرەکەش بە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی نامۆیە ، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو چەمکە وەکو پاڵپشت بۆ هەڵەکان و ناچیزەکانی ژیانی خۆی بە کاری دەهێنێت .

## چەمکی خۆشەویستی ؛

چەمکی خۆشەویستی کە پێکهاتەی گرنگی ژیانی مرۆڤە ، هەر یەک لە زانایان و پسپۆڕان و دەروون ناسان ڕاڤە و لێکۆڵنەوەو شرۆڤەی خۆیان هەبووە دەربارەی ئەو چەمکە و هەمیشەش بە پێی گۆڕانکاریە ئابووری و شارستانیەکان گۆڕانکاری بە سەر زۆرێک لە ڕاڤە کردنەکاندا هاتوو ،هەڵبەت بۆ دۆزینەوەی هێڵی سەرەتای هەر چەمکێک پێویستە بگەرێنەوە بۆ شارستانیەتی دەوڵەمەندی یونان کە هەمیشە فلچەی یەکەمی ئەدەبی و فکری و فەلسەفیان لەو چەمکانە داوە ، هەر وێنانیەکانیش بوون هێڵی جوان و ناشیرینی خۆشەویستیان دیاری کرد و پۆلێنیان کرد بۆچەند جۆر لەوانە ؛

- خۆشەویستی سۆزداری یان ڕۆمانسی
- خۆشەویستی لۆژیکی .
- خۆشەویستی هاوریەتی
- خۆشەویستی تاکە کەس .
- خۆشەویستی پشت بەستوو بە بەرانبەر .

نامەوێت بچمە سەر شیتەڵکردنی جۆری خۆشەویستیەکان ، هێندەی مەبەستم ماهیەتی خۆشەویستیە لای مرۆڤ ، هێندە مەبەستم شارەزایی لە بەشەکانی نیە ، جونکە لە بنەمادا هەموو جۆرەکان لام دابەش دەبن بە سەر دوو تەوەردا یان بە سەر تەوەر و دژە تەوەردا، ئەوانیش خێر و شەڕ و ڕاست و درۆیە ، بەو واتای هەندێک خۆشەویستی دەکات لە پێناوی سۆزێکی مرۆڤانە وزە بەخش بە توانا و جوانکار بۆ ژیان ، خۆشەویستی تەنها لە پێناوی خۆشەویستیدا دەکات ، هەندێکی دی خۆشەویستی دەکات لە پێناوی مەبەستێکی دیاری کراودا و نواندی خۆشەویستی ناڕاست دەکات بە ئامراز لە پێناوی گەشتن بە ئامانجان ، ئەو ئامانجەش لە کەسی ( من ناوی دەنێم فریودراو ) بە دی دێت بۆ کەسی فریودەر نەک خاوەن سۆزی مرۆڤانە . بەڵام سەرجەم ڕاڤەکان ناتوانێت ئەوە لە هزری مرۆڤی خاوەن سۆزدا بسرێتەوە کاتێک بیری بۆ لای تەوەری یەکەمی خۆشەویستی دەفرێت واتای قوربانی دان ، لێبوردن ، چاوپۆشین لە هەڵە و کەم و کوریەکانی خۆشەویست ، چاودێریکردن بۆ پاراستن و هەوڵدان بۆ بەختەوەر کردنی بەرانبەر ، رازی کردن و هەوڵدان بۆ باڵاکردنی پلە و پایەی خۆشەویست و بەرزڕاگرتنی مادی و مەعنەوی

ئەو خێزانەی خۆشەویست لە خۆ دەگرێت و تەنانەت لە هەندێ باردا دەست بەردان لەو خۆشەویستە لە پێناوی ڕاگرتنی بەرژەوەندی خۆشەویستدا و ...تاد بە هزریدا گوزەر نەکەن . ئەگەر خەیاڵیشی بە لای تەوەری دووەمدا ڕۆشت دەروونی سەغڵەت نەبێت بە گوومانی دوو ڕووی ، درۆ ، بێ وەفای ، غەدر کردن و بێ متمانەیی و سەرجەم گومانە نەشیاوەکانی دی کە بە تەواوی خاڵی دابڕ دەبێی لە نێوان هەردوو لایەندا بە واتای خێر و شەڕ هزری داگیرنەکەن .

ئەگەر لە چەمکی خێر و شەڕیش وردبینەوە دەزانین ئەو چەمکەیە زۆربەی زانایان تیورەکانی خۆیان لە سەر بونیاد ناوەو هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەشەوە داهێنەرانی فەلسەفە لە فەلسەفەی خۆشەویستی دواون ، سوکراتی یەکەم داهێنەری فەلسەفە لەو مێزگردە بە ناوبانگەدا کە بە " المادبه " ناسراوە ، سەبارەت بە تێروانینی سوکراتە بۆ خۆشەویستی پلەکانی خۆشەویستی دەردەخات کە خۆشەویستی لەشی و ڕۆحی و نموونەیی هەیە ، وە پێی وابوو خۆشەویستی نموونەیی ئەقڵی مرۆڤ دەتوانێت تێیدا باڵا بێت بە سەر جیهانی هەست و ڕۆحدا کە بەستراوە بە خەڵکەوە بۆ جیهانی جوانی ڕەها و نموونە ، ئەو خۆشەویستی یە ش لای ئەفلاتۆن بوو بە ئامانجی ئامانجەکان .چونکە لای ئەفلاتۆن خۆشەویستی لە جوانی هزر و زەینەوە گەلالە دەبێت و باڵا دەبێت بۆ کرداری جوان ، شێوەی جوان ، بۆ بیرو باوەڕی جوان هەتا بیرو باوەڕی جوانی ڕەها . ئەمەیە کە پێی دەگوترێ خۆشەویستی ئەفلاتۆنی .بە پێوەری فەلسەفی کە سەرجەم پێوەرە مۆراڵی و هزری و شیاوی وجوانی دەگرێتەوە تەوەری دووەمی خۆشەویستی کە پەیوەندی نێوان فریودەر و فریودراوە لە پێناسەی خۆشەویستیدا زەمینەی نیە و سەرجەم ئەو چەمکە پیرۆزانەی سەرەوە کە لە چەمکی خۆشەویستیدا تواونەتەوە ڕێگە بە هیچ پێناسەیەکی دژ نادات خۆی بخزێنێتە نێو مەودا فراوانەکانی ، ئەوەشی پێناسە و چەمکێکی دی بداتە پاڵ جگە لە خۆ دەربازکردن بەرەو کەناری خۆ ڕازی کردن بە لۆژیکی ناڕاست ناچێتە چوارچێوەی پێناسێکی دییەوە .

## ئایە خۆشەویستی نموونەیی یان خاوێن بوونبووە یان تیور ؟!

هەمووان کۆکین لە سەر ئەوەی کە خۆشەویستی لە عەقڵی ناوەوە دروست دەبێت لە میانەی پەیوەندی تاکە کەسەوە بە دەوروپشت ، ئەگەر لە (سوشر)ی زاناش بپرسین پێمان دەڵێ :" کێ یاسا بۆ خۆشەویستی دادەنێت ، خۆشەویستی لە هەموو یاساکان مەزنترە کە مرۆڤ بۆ دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی دارڕشتووە " ، بە مەبەستی گەشتن بەو دەربڕینە و زانینی هەبوون و نەبوونی خۆشەویستی بێگەرد پێویستە بگەڕێینەوە بۆ داستان و چیرۆکە دێرۆکیەکان ، کە دیارە عەرەب خۆی دەکات بە خاوەنی ئەو بەخشندەییە و لە سەرچاوە و وتووێژەکانیاندا شانازی بەوەوە دەکەن کە خۆشەویستی بێگەرد (العذري ) لە قەبیلەی ( بني عذرة )وە سەرچاوەی گرتووە کە نیشتەجێی باشوری حجاز لە ( وادی القرى ) بوون ، کەوتوەتە نێوان ( تێما و خیبر )ی پڕ لە دارخورما و دارستان و سەوزایی ,گوایە بە هۆی ئەو دیمەن سیحر ئامێزەی و بەختەوەرییان لە

*ڕووی بژیوی ژیان و بێ شەڕو شۆڕی لە ناوچەکەیاندا ، خەڵکی ئەو هەرێمە خەڵکانێکی هەستیار بوون ، لە بەر ئەو هۆیە هەر لەویشەوە شیعری لیریک سەری هەڵداوە ، گۆرانیەکانیان پڕ لە سۆز و غەم بوون بەرانبەر بە خۆشەویستی و ئەو سۆزە بە تینەش پاڵنەر بوو بێت بۆ ئەوەی مردنی بە کۆمەڵیان تێدا بڵاو بێتەوە لە پێناوی خۆشەویستیدا ، ئەوەشیان لە میانەی ئەو پرسیار کردنەوە دێت کە جارێک لە پیاوێکی ( بني عذرة ) بە ناوی عروە بن حزام العزری دەپرسن : تۆ لە چ قەبیلەیەکیت ؟ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ من لەو قەبیلەیەم کە عاشق بن دەمرن* . بەرانبەرەکەشی سوێندی دەدات کە ڕاستە ئەوان خاوەنی ناسکترین و هەستیارترین دڵن ، لە وەڵامدا دەڵێ بەڵێ سوێند بە خودا سی (30) لاوم بە جێ هێشت کە مەرگ دایپۆشیبوون و هیچ دەرمانێکیشیان نەبوو جگە لە خۆشەویستی ،پرسیار کەریش پێی دەڵێ چۆنە عەشق دەتان کوژێت ئەی کۆمەڵی بنی عزری ؟! لە وەڵامدا ئەڵێ چونکە بێگەردمان دەکاتەوەو بێگەردیش دەمانکات بە خاوەنی دڵی ناسک و عیشقیش خۆشەویستیە پاک (عذري )یەکەمان دەنەخشێنی یە (یاخۆد دەڕازێنێتەوە ).

ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو گفتو گۆیە وورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان تیوری ئەفلاتۆن کە چاندنی خێر و پەسەندیە لە مرۆڤدا بەرە و نموونەی بردن ، بەڵام لای ئەفلاتۆن بە تیور داڕێژراوە و لای ئەو قەبیلە عەرەبیە بە کردار ، گەرچی من لە گەڵ ئەوە نیم ئەوان سەرچاوەی ئەو بێگەردی و خۆشەویستیە بە تینە بن ، چونکە ئەگەر باسی نێوان ( ترستان و ئەیزۆڵد ) کە یەکەم داستانی ئەوروپییە بکەین بۆمان دەردەکەوێت لەو خۆشەویستییەی لای بەنی عەزرە هەبووە لای هەردوو پاڵەوانی ئەو داستانە بە هێزتر و بێ گەرد تر بووە ، ئەویش لە میانە خۆشەویستی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە سەر هەڵدەدات ، ئەو کاتەی پاشایەک بە ناوی (مارک ) ،( ترستان ) دەنێرێت بە شوێنی ئەیزۆڵد دا بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە کۆشکی پاشایەتی لەوێ لە گەڵ پاشادا زەماوەند ساز بکەن ، بەڵام خۆشەویستی دەکەوێتە نێوان هەردوو لایان واتە ترسان و ئەیزۆڵد وە یاساکانی کۆمەڵ و جیاوازیە چینایەتیەکان و ئەو بێگەردێی خۆیان ئەو خۆشەویستیەش ناگەیەنێت بە ئاکام . وەکو لە چیرۆکەکدا هاتووە کاتێک دەگەن بە جێگەیەک کە هەردووکیان بە یەکەوە دەخەون شمشێرێک دەخەنە نێوان هەردووکیان هێما بە بێ گەردی یاخود پاکی ، ڕۆمانی مردن لە بوندوقیەی نووسەری ئەڵمانی تۆماس مان هەمان جۆر خۆشەویستی ژیانی پاڵەوانەکەی بە مەرگ دەسپێرێت ، مەدام بۆڤاریش (فلۆبیر ) بەو کولێرەیە نەمرد کە هەلنەدەهات لە بەری بەڵام هێندە بە دووی ئەو خۆشەویستیە ڕۆمانسیەدا گەرا کە دەربارەی خۆیندبیەوە و بە دوویدا گەرا بوو تا دوا جار لە ئەنجامی بە واقع نەبوونی ئەو خەونە خۆی کوشت . هەروەها ئەو داستانە لای کورد یش بە مەم و زین و خەج و سیامەند و وەلی دێوانە و شەم و لای دراوسێکان بە لیلی و مەجنون و شیرین و فەرهاد ، شێخی سەنعان ، جەمیل و بوسەینە ،قەیسی دریح و عروەی حەزام ...هتد.کۆتایی دێت .

کەواتە هەر لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی و هەست کردنی بە ژیانی هاوبەش هەر دوو چەمکی خێر و شەڕ لای مرۆڤ لە خۆشەویستیدا بەر جەستە بووە ، هەر یەک لەم

نموونانەش راستی و دروستی تیورەکەی ئەفلاتۆن و خۆشەویستی ئەفلاتۆنی و خۆشەویستی بێگەرد دەسەلمێنن کە لای سەرجەم نەتەوەکان هەبووە و لای هەمووشی یەک سنوور بێ گەردی خۆشەویستیەکەی کێشاوە ،ئەویش بە یەک نەگەشتن و دوور خستنەوەی جەستە بووە لە خۆشەویستی ، هیچ کام لەو پاڵەوانانە لە ڕووی جەستەییەوە نەگەشتوون بە یەک و بێ گوومان گەر بشگەشتنایە بە یەک نەدەبوون بە پاڵەوان و دەبوون بە ژیانێکی ئاسایی کە لای هەزاران کەس ئامادەگی هەیە ، ئیتر تا چەند ئەو داستانانە هەقیقەتن یان تەنها نووسراو ئەمە شێتێک لە تیورەکە بە باش یان خراپ ناگۆڕێت ، چونکە لێرەدا مەبەست لەو هەستە و لەو خواستەیە کە هەبووە بۆ خۆشەویستی و شێوەکانی ئەگەر لە ڕوانگەی نووسەرێکیشەوە بێت ، داوای ناتوانین ئەو داستانانە تەنها بە نووسراو بزانین نەک بە هەقیقەت ، چونکە وەکو دەبینین لە شارستانیەتی ئەوروپی و یونان و کورد و عەرەب و فارسیسدا هەر یەک بابەت بووە بە هێمای خۆشەویستی بێگەرد (عذري )ئەویش یاساغی و بە یەک نەگەشتنی خۆشەویستەکانە ، کەواتە لە زەمەنی یاساغی و نائاشکرایدا بەها ڕۆحیەکانی خۆشەویستی بێگەردی دارِشتووە ،نرخیشی زیاتر بووە ، ئەو کاتەی خۆشەویستی ئاشکرا دەبێت و فشار و یاساغیەکانی لە سەر هەڵدەماڵرێت ئەو بەهایە لە دەست دەدات ، بەلام ئایە تەنها ئاشکرا بوون و ئاسایی بوونی خۆشەویستی بەس بوو بۆ ئەوەێ مرۆڤ جوانترین هەستی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی جەستەیی و مادیەکاندا ببینێتەوە ؟!یاخود ئازادی سێکس یەکێک بوو لە هەلوەشێرەوانی فەڵسەفەی خۆشەویستی ؟.

## *دژ و تەبایی خۆشەویستی و سێکس .*

*بە پێی بیرو بۆچونی زۆرێک لە زانیان و پسپۆڕان و شاعیرانی سەردەمی کۆنیش هەر یەک بە شێوەیەک گوزارشتی لە خۆشەویستی کردووە ، هەندێکیان خۆشەویستی لە سێکس جیا دەکاتەوە و هەندێکیشیان سێکس بە بناغەی خۆشەویستی دەزانێت . کە دیارە لە هەردوو دۆخدا بە پێوەری کیشە شارستانی ئابووریەکان بەرزی و نزمی لەو بۆچونانەدا ڕووی داوە ،بەلام لە بنەمادا هەردوو چەمک خزمەتی پەیوەندی مرۆڤایەتی و دۆزی ژیان و پێویستیە مرۆڤایەتیەکان دەکەن ،دەکرێ لە پراکتیکدا و لە ڕووی مێژووییەوە سێکس بەر خۆشەویستی کەوتبێت ، بەڵام ئەو کاتە پرۆسەێ ئەنجامدانی بەربەریانە و وەحشیگەریانە بووە و سەرەتای دۆزینەوەێ هەست کردن بە پێداویستیە لەشیەکان بووە لای مرۆڤ ، کە زۆر جار ئەو کردەیە بە شێوەێ زۆر و داسەپاندن بووە ، واتە زۆر کردنی پیاو بۆ بە زۆر دابین کردنی ئەو پێویستیە لە شێوەێ ئیختسابدا ،چونکە سەرەتای دۆزینەوەی ئەو پێداویستیە هەستێکی بە ڕێکەوت خولقاو بووە و ئەنجامدانی پرۆسەکەش لە بنەمادا لە پێناوی لەزەت وەرگرتندا بووە نەک وەکو پرۆسەیەکی مرۆیی نێوان دوو کەس کە پنتەکانی ژیانی لە سەر وەستاوە و ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە دەبێت بە هۆی دروست بوونی مرۆڤێکی دی ، تەنانەت زۆر درەنگ زانیویانە کە ژنیش لەو پرۆسەیە چێژ وەردەگرێت ، کاتی زۆرکردنی پیاوان وایان زانیوە پرۆسەیەکی یەک لایەنەیە . بۆیە پرۆسەی سێکس بە بێ بنەما قوڵەکانی خۆشەویستی هەتا ئێستاش هەر بەو بەربەرێتە دەدرێتە قەڵەم ، بەشی دووەی خۆشەویستیش کە دەتوانم تەنها ناوی بنێم بەرژەوەندی خواست لە بەرگی*

خۆشەویستیدا و ئارەزووی وەحشیگەریانە لە سیمای سۆزداریدا جگە لە دووبارە کردنەوەێ ئەو پرۆسە سەرەتاییانە کە مرۆڤ تێدا نائاگا بووە لە سەرجەم پرۆسەکانی ژیان ،بەربەریانەش ژیاوە هیچی دیکە نیە و تەنانەت کاتێکیش فرۆید هەموو هەڵس و کەوتێکی مرۆڤی وامەزەندە کرد کە پاڵنەرێکی سێکسی لە پشتە ، پاش ماوەیەک تیورەکەی ڕەتکرایەوەو هەتا ئێستاش تیورەکە متمانە بەخش نیە هێندەی یەک چیرۆکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی وەکو ڕۆمیو جولێت ، دۆن کیشوەت و دلینیا بە زیندووی لە هزر و ئەندیشەی مرۆڤدا نەمایەوە و کاریگەری نەبوو .

مرۆڤ بە تەواوی هەست بەو دوو فاقیەتە دەکات کە بەرانبەر چەمکی خۆشەویستی و زایەندی لە مێژووی کۆن و نوێدا دروست بووە ،گەر بە مێژووی کۆنیشدا وورد بینەوە ، دەزانین لە سەدەی حەوتەمەوە پاڵەوانێکی خۆشەویستی پاک و بێگەرد هزری خوێندەوارانی ئەو سەردەمەی بردەوا بۆ فەزا جوانەکانی سۆز و جیهانێکی یوتوبی کە مرۆڤ بە خەونیەوە دەژی هەتا ئەو سەردەمەی بە زلەی واقعێکی دی بە ئاگا دێت ، ئەویش ناوبانگی ئیرۆس بوو کە وەکو خودا مەزەندە کراوە ئەو کاتەی شاعیری ئەغریقی ( هستۆد ) ووتی " کرنیۆس " کە گیانی رۆژگار وزەمانە بووە ئیرۆسی لێ کەوتەوە " لەو کاتەوە ئیرۆس بوو بە هێمای خۆشەویستی ، ئەو هێمایە کارێگەرێکی وای لە هەستی خەڵک و چینی ڕۆشنبیرانیشدا هەبوو کە( هۆمیرۆس)ی شاعیر لە ( ئەلیادە ) د لە میانەی خۆشەویستی نێوان ( ئەخیل و نیترس )ا جارێکی دی دایرشتەوە بەڵام بەرەو نزمتر لەو ئاستەی هستۆد بە ڕۆحی بەخشیبوو کە دووەمیان تەنها بە خوداوەندی ئارەزووی چواندبوو ، ئەو چواندنەش لە گەڵ شاعرەکانی دیدا بەرەو نزمتر و نزمتر ڕۆشتووە ، هەتا گەیاندیان بەو چیرۆکانەی خیانەتی هاوسەری و لەشفرۆشی بە ڕەزامەنی میرد و پاڵەوانی ئەو داستانانەی کە ژنی هاورێکەی دەرفێنێ و کاتێکیش دەگەرێتەوە وەکو ئەوەی هیچی نەکردبێت بە شێوەی ئاسای مێردەکەی مامەڵەی لە گەڵدا دەکات ، واتە گەیاندیان بەو ئاستەێ ئێستا بە سێوەیەکی فراوان بڵاوە لە نێو کەڵچەرە جیاوازەکاندا ، ئیتر ئەو نووسین و داستانانەی ئەوان ڕووداوی ڕاستی و واقعی کۆمەڵی خۆیان بوو بێت ،یان پێشبینی بە ڕوودان و ئاسایی بوونەوە ئەو چەمکانە ،ئەوانە بە هەردوولایان پاڵنەرێک بوون بۆ ئەوانەی کە ئەو ئارەزووە دەکەن کە خەڵکانێک هەیە و هەبووە وەکو ئەوان ، نوقڵانەیەکیش بوو بۆ ئەو ئالودە بوونەێ ئێستا کۆمەڵگاکان ئالودەی بوون ، سەرجەم هزری زانایان و فاکتەرە یاسایەکان وهێزی پۆلیسیش نەیتوانیوە چارەسەرێکی شیاوی بۆ ئەو دیاردەیە پێبێت و شتێک لەو هەموو کێشەیەی لە ناو کۆمەڵدا بە هۆیەوە دروست بووە کەم بێتەوە ، یان لایەنی کەم وای لێبکرێت قازانج و زیانەکانی یەکسان بکرێت ،نەک هەمیشە زیانەکانی هەزار بار بێت .

## لەشفرۆشی ، ئازادی سێکسی یان خیانەتی هاوسەری :

ئەو سێ فاکتەر هەر سێکی دەرئەنجامی کۆمەڵێ فشاری دەروونی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و قەیرانی ڕۆشنبیریەوە تووشی مرۆڤ دەبێت،ئەنجامدەری هەرسێ فاکتەریش نێرو مین بە تێکڕا بەڵام زیاتر مێینراوە واتە (تانیث) کراوە و بە بەری ژن بڕاوە ، ئەمەش لە شارستانێتیەکەوە بۆ یەکی دی جیاوازە ، بۆ نمونە وولاتێکی ئەورووپیدا کەمتر بە تاوان یان

به کردەیەکی ژنانە دەژمێردرێت هەتا وووڵاتانی دواکەوتوو لە نێویشیاندا کورد کە بەو دوایە ئەو سێ فاکتەرە لە ناو کۆمەڵیدا تەشەنەی کردووە .

**لەش فرۆشی** :لە گەل ئەوەی لەش فرۆشی بە کۆنترین دیاردە ناوزەدکراوەو هەر لە سەردەمی بابلێون و سۆمەریەکان لە کەس هەوای پێشوازی مەلیکانەدا بە کارهاتووە بۆ رێز گرتن لە میوانە پاشا ، هەروەها لە نێو قوبرسدا باندی سێکس فرۆشی هەبووە و ناردە وهاوردەیان لە گەڵ رۆمانیای ناسراو بە سێکس فرۆشی کردووە ،پاشان قوبرس لەم رووەوە ناوبانگێکی دەرکردوە لە میانەی بازرگانی سێکسیەوە ناویان ناوە " دەفری بازنەیی " مەبەست لەوە بوو کە وەکو بازنەیەک هێڵی بازرگانی سێکسی کێشابوو بە چواردەوری جیهاندا وتەنها ووڵاتێک بوو کە تەنها بە 600 هەزار کەش دانیشتوانەوە زیاتر لە 100 یانەی سێکس فرۆشی تێدا بوو ، جگە لە گەورەترین باندی هاوردە و بردەی بازرگانی سێکسی و دابەسکردنیان بە پێی مۆدیلی ناوچەکان بە سەر ژنی سپی وژنی گەنم رەنگدا ،بەو شێوەیە نیوەی ژنان و کچانی پێشاندراوی نێو جامخانەکانی قوبرس لە ووڵاتانی تایلەند ، بولگاریا ، پۆڵۆنیا ودانمارک و فلیپین پێک هاتبوون ، هەتا ئەو بازرگانیە بە هێزەی قوبرس زۆرێک لەو ووڵاتانەی کە بازرگانی لە گەڵدا کردبوون بوون بە سیمبولی ئەو کارانە تەنها لە فلیپیندا 550 هەزار ژن کاری سێکس فرۆشیان دەکرد و سویسرا بە بەهەشتی مەلها ناسرا وتایلەند بە بەهەستی سێکس لە جیهاندا و ووڵاتانی دی ئەوروپا وە ئیسرائیلش لەو دیاردانەیێ بەش نەبوون ، ئەو بازرگانیەش دوای جەنگی جیهانی یەکەم زیاتر تەشەنەی کرد . کەواتە بازرگانی سێکسی ولەش فرۆشی پلانێکی برجوازیانەی بازرگانەکان بووە بۆ وە دەست هێنانی ئەو سەقفانەی کە هێزی برجوازێت باڵاتر و مرۆ ئامێر بوونیش لە بەردەم ئەو هێزەدا شەرعیەتی زیاتر وەردەگرێت ، بەها نزمتر دەنوێنێت ، بە قازانج کردن و قۆستنەوەی هەل مەرجە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان ، ئەو پرۆسەشیان ناو نا ئازادی سێکسی، بە مێژووی تەشەنە کردنیشیدا بۆمان دەردەکەوێت کە باری ژیان ونائارامیە دەرونیەکان بە هۆی شەڕ و لایەنی ئابووری دەستێکی باڵای هەبووە لە بەرجەستە کردنی ئەو دیاردەیە لە نێو کۆمەڵە جیاوازەکاندا .ئەو کاتەی مرۆڤ گیرفانی بە هۆی چنگی بازرگانەکانەوە دەدورێت و ناتوانێت یەکەی کرین وفرۆشتنی تێدا بدۆزیتەوە لەسی دەخاتە پێناوی ژیانەوە ، بە تێبینی ئەوەی کە بازرگانیان تەنها بە ژنانەوە نەدەکرد بەڵکو بە کۆمەڵێ کوڕی هەرزەکار ومناڵیشەوە دەکرد و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە...هەر لەوێشەوە ئەو ووشەیە هەڵقوڵاوە چونکە گەر لە ووشەکە بنوارین :لەش +فرۆش یان فرۆشی واتە لە دوو ووشە برگەی واتادار پێک هاتووە کە یەکەمیان ئامادەبوونی لەشێکە لە وێنەی کاڵایەکدا بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجێک ، برگەی دووەم کە دۆزینەوەی کریارە بۆ فرۆشتنی ، ئەم پرۆسەیەش پێم وایە ئارەزوو رۆڵ نابینێت هێندە پێویستیە ئابووریەکان رۆڵ دەبینێت ، جگە لە چەند هۆکاری دی کە ئەوانە زیاتر لە ووڵاتانی رۆژئاوا و ئەمەریکادا کاران ، لەوانەش مەجبور کردنی ژن بە کاری لەشفرۆشی یاخود سێکس فرۆشی ، وەکو هەندێک لەو ژنانە کە رێکخراوێکی دیاری کراو

له وولاتێکی پڕ شەڕ برسیەتیەوە هێناوێتی ، بەڵام کاتێک دەگەیەنرێن بە وولاتی مەبەست کە وولاتانی ڕۆژئاوایە بۆیان دەردەکەوێت ئەو ڕێکخراوە خێر خوازی نیە بەڵکو باندێکی سێکس فرۆشیە و لە ژێر ئەو ناوانەدا کاریان کردووە هەتا ئەو ژنانە دەگەیەنن بە شوێنی مەبەست و لەوێ دەیانخەنە ژێر باری قەرزی زۆر و توند و تیژی و چەوساندنەوە و بە کارهێنانیان وەکو باندی سێکس فرۆشی و بازرگانی کردن ، هەروەها هەندێک بە هۆی خەلکانی سێکس فرۆش لە غەفلەتدا تووشی تلیاک خواردن ، هەندێکیشیان خۆیان بە ئارەزوو تووشی خوادنی دەرمانە سڕ کەرەکان بوون ، تەنها ڕێگە چارەش بۆ ئەوەی لەو دەرمانە دانەبڕێت خۆفرۆشتن و سێکس فرۆشتنە ،هەندێ جاریش بە هۆی زۆری پیاوەیە وەکو لە ناو کۆمەڵی کوردیدا چەندین جار دانپێدانانی ژنانم خوێندوەتەوە ڕێژەیەکیان دان بەوەدا دەنێن کە هاوسەرەکەی پاڵنەرێتی یان زۆری لێدەکات ، وە هەندێکیان مەترسی ئەوەیان لە سەر ئەگەر ئەو پێشنیازە لە هاوسەرەکانیان قبوڵ نەکەن ئەوا لە ناو کەس وکار وکۆمەڵدا ئەو تاوانبار دەکات بە داوێن پیس و تەڵاقی دەدات و کۆمەڵیش باوەڕ بەو دەهێنێت ، مادەم هاوکێشەکەس وا دەکەوێتەوە با لەشفرۆش بم و لای مێردەکەم باش بم بۆ ئەوەێ کومەل باشم پێ بڵێت هەتا ئەوەی بە کەرامەتەوە بژیم و بە هۆی قسەی مێردەکەم خراپم پێ بڵێن .ئەم جۆرە خۆ فرۆشتنە لای من ئازادی سێکسی ناکات ،ئەو گرێ دەروونیەس نیە کە چارەسەر نەکرێت .تاوانیشی ا لە شانی دەسەلاتی سیاسی و یاسایە بەر لە یاسا کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان .

**ئازادی سێکسی** :هەندێکی دی لە ژنان بە خۆڕایی لە پێناوی لەزەتدا سێکس دەکەن دەتوانم ئەمەیان ناو بنێم ئازادی سێکس بەلام ئەویش هەتا ئەو سنورەی کە ناگات بە فرەیی واتە کاتێک سێکس لە یەک تێدەپەڕێت بۆ چەندین کەسی جیاواز لای ژن بێت یان پیاو ئەوەیان غەریزەێ وەحشیگەریانەیە ،ئارەزوویەکی دەرەوەی لۆژیکی مرۆڤانەیە بۆیە کاتێک مرۆڤێک ژن بێت یان پیاو ڕێگە بە خۆی دەدات چەندین پەیوەندی سێکس هەبێت و ناوی دەنێن ئازادی سێکس بە بڕوای من هیچ پەیوەندێکی نە بە ئازادییەوە هەیە نە بە پەیوەندێکی سێکسی مرۆڤانەش ، پێویستە مرۆڤ چ پیاو بێت یان ژن جیاوازی لە نێوان ئازادی و بەرەڵای ، بێ پرۆگرامی و بێ هەبوونی دیدێکی مەعریفی بکات ، بزانێت ئەوەی ناوی ناوە ئازادی سێکس جگە لە پەردەپۆشکردنی دەروونێکی ناساغ چی دیکە نیە ، وە من لە بنەمدا باوەڕم بە ووشەیەک نیە ناوی ئازادی سێکسی بێت ،مادام هیچ کام لە ئێمە بۆ هاوسەرەکەی یان خۆشەویستەکەی ئەو ئازادییە ناخوازێت ، بۆ خۆی نەبێت ، واتە ئەو ژنەی پراکتیکی ئازادی سێکسی دەکات لە هەمان کاتدا پێی خۆش نیە هاوسەرەکەی ئەو کارە بکات ، هەروەها سەبارەت بە پیاو نەک هەر ڕاستگۆ نین لەو مەسەلانەدا بەڵکو تا ئەو پەڕی مەوداکان کەسایەتی دووفاقیشن ،جونکە دەبینین ئەو پیاوانەی لە گەڵ ژنێکدا باش لە ئازادی سێکسی دەکەن بۆ ئەوەی لە گەڵیدا دەستەبەری بکەن لە هەمان کاتدا ئامادە نیە ئەو کەسە ببێت بە خێزانی یان هەمان ئازادی بۆ خوشک وکچ و دایک و خێزانی خۆی ، کەواتە

ئـازادی سێکسی شـەرعیـەتێکـی بـاوەڕپێکـراوی لـە دەروونـی هـیچ ڕەگـەزێکـدا نیـە جگـە لـە شەرعیەتی غەریزەیی کاتی و نادروست ،جگە لەوەی هەر مرۆڤێک هێندەی هۆشیاری هەبێت بزانێت ئـەوەێ نـاوی ئـاوە ئـازادی سێکـسی بازرگـانی سێکـسیە وبـە پلانـی دەزگـا گـەورە برژوازیهکان دانـراوە بۆ کویلە کردنـی مرۆڤ لـە داوێنـی سیستمە مـادی و بازرگانیەکانـە کە واتـای بوون و بەرژەوەندی ئەوان دەکات هەرگیز باوەر بەو پرۆسەیە و مل بۆ ئـەو پرۆسـەیە نادات ، پێ لە سەر هەمان ڕای خۆم دادەگرم و ئەو کێشانەی ئەمرۆ وولاتە پێشکەوتووەکانی پێدا تێدەپەڕێت وە یاد دەهێنمەوە لـە نـەخۆشی کوشندە و منـاڵی نامەشروع لـە بـەر هەلـوەشاندنەوەی خێزان و ژیـان و جۆرەهـا نـەخۆشی دەروونـی و لـە بـەهـا کـەوتنـی پیرۆزییـەکـانی ژیـان ، کـە لـە ئاکـامی سـێکس فرۆشـی و ئـازادی سێکـسیەوە هـاتووە چ بەرژەوەندێکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێدا بووە جگە لە قازانجی ئەو کۆمپانیا گەورانەی کە لە هەموو کارێکی دی زیاتر قازانج لە فرۆشتنی دەرمانـەکانی کۆنتـۆڵی سک پڕی ولـە باربردن ونەخۆشیەکانی ئـەنـدامی زاوزێ ونـەخۆشیە سێکسیەکان و کۆنـدوم دەفرۆشن . بۆیە دەبینین ژمارەیـەکی باشی ئەوروپیەکان بەو ڕاستیان زانیوە کە جیاوازی نێوان بەرەڵای دەروونی وەحشیگەرایانە و ئازادی سێکسی و لەش فرۆشی چیە و گەراونەتەوە بۆ ژیانێکی نۆرماڵ و دوور لـە درۆکـانی بازرگانـانی مۆدێرنـە کـە گوایـە ئـازادی سێکس زۆر کێشەی دەروونـی و ئازادیەکانی دی چارەسەر دەکات و خۆیان و مناڵەکانیان لە سەر ژیانێکی دروست دوور لەو وەهمانە ڕاهێنـاوە و بایەخیان خستووەتـە سەر بەهـا ڕۆحـی و مرۆیەکان کە خۆشەویستی وقەناعەتی پاکە ، تەنانـەت لـەم وولاتانـەدا هێنـدە لـە نرخـی کـەم نـەکـراوە کـە بگـووترێ سێکس کـردن بـەڵکـو دەگوترێت خۆشەویستی دروست بکـەین ، واتـە ئـەوەی لای کـورد پـێ دەگوترێ لەش فرۆشی یان فرە سێکسی لای خۆرئـاواش هـەر نـەفرەت لێکـراوەو پێـی نـاڵێن خۆشەویستی دروست کردن بەڵکو پێی دەڵێن prostiute واتـە سێکس فـرۆش یـان sex work یان سێکس کـار . لێرەوە دەڵێم بەوانـەی کە شتێکی نابەجێ دەکەن و نـاوێکی بۆ دەدۆزنەوە لە چەمکە ڕۆژئاوایەکانن گوایە ئەوەێ کردوویەتی لە پێشکەوتنەوەیە ئـەوە هیچ ڕاست نیە تەنها بیانوویەکە بۆ خەلەتاندنی خۆیان نەک دەوروبەریشیان . چونکە دەوروپشت زانیوێتی بووە بە خۆراکی کام جۆرە پلانی دژ بە مرۆڤایەتی .

**خیانەتـی هاوسەری** :جۆرێکی دی سێکس کردنـی نامەشروع لـە ڕێگەی خیانـەتـی هاوسـەرییـەوەیـە ،ئـەم جۆرەش لای پیاوان بـاوترە هـەتـا ژنـان ، کـەچـی ژنـی زیـاتر پـێ تـاوانبارە هەتا پیاوان ، کە ئەوەش پابەندی ڕادەی پێشکەوتـن و دواکـەوتنـی فـەرهـەنگیەوە هەیە ،لای ژنانیش پاڵنەر وهۆکاری زۆر هەن بەڵام لای پیاوان زیاتر بە هۆی چاوچلێیسی و ماف دانە بە خۆی گوایە پیاوەتی خۆی تێدا تـاقی دەکاتەوە وە وچەنـدین هۆی دی کە کـاری من نیە لەم نووسینەدا ، بەڵکو دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەو پاڵنەرانە بکەم کە ژن لە خیانـەتـی هاوسەری نزیک دەکەنەوە ، لێرەدا قسەیەکی دکتۆر عادل حسێن عـەبدووڵا م وەبیر دێتـەوە کـە لـە دیدارێکـدا زۆر سـاکارانە دەربڕینێکـی زانـستی قـوڵ دەخاتـە دەسـتی پیـاوان و

گوزارشتەکە وایە کە (ژن خیانەت ناکات ئەگەر پیاو گەواد نەبێت ) ئەم دەربڕینە بە تەواوی بە شێوەیەک دەربڕاوە کە پیاوێکی نەخوێندەواریش تێبگات ژنەکەی خیانەت ناکات ئەگەر ئەو مرۆڤ بێت ، ئەو خاوەنی کرداری دروست ، هەڵسوکەوتی دروست بێت ، ئەم بۆچونەش لە هەڕەمەکیەوە نەهاتوە و قسەی کەسێکی پسپۆڕی ئەو لایەنە و سەرجەم زانایان و زانستی دەروونیش ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە خیانەتی هاوسەرێ لە لایەن ژنەوە 100% هاوسەرەکەی تاوانبارە ، بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لە سەر چۆنیەتی تاوانبار بوونی بکەین و پیاوانێک وا نەزانن تەنها ڕایەکی هەڕەمەکیە پێم خۆشە پێداویستیە ڕۆحی و گیانیەکانی نێوان مرۆڤ کە لە چەندین کردە و فاکتەر و جوڵە پێک دێت بکەم بە چەند خانەیەکەو چونکە مرۆڤ جوڵەیەک ، ووشەیەک بەرەو خۆشەویستی دەبات لە هەمان کاتدا جوڵەیەک ووشەیەک بەرەو ڕق و خیانەتیشی دەبات ..گەر بڵێین ئەو خانانە پێک هاتووە لە 12 خاڵ ، دەبینین لە هەموو خاڵەکان گرنگتر خانەی پەیوەندی سێکسە.

پەیوەندی سێکس لە نێوان ژن و مێردا لە سەرجەم خانەکان وخاڵەکانی دی هاوپێچەکانی زیاتر کاریگەریان بۆ سەر پەیوەندی وخۆش بەختی وبەدبەختی ژیانیان هەیە وە ئەگەر ژن لە گەڵ هاوسەرەکەیدا لە ڕووی سێکس و مەسەلە ڕۆحیەکاندا بەختەوەر بێت هەرگیز بیر لە خیانەت ناکاتەوە ئەگەر مەسەلە مادیەکانی لە لوتکەیَ قەیرانیشدا بێت، ئەو پیاوانەی ڕۆشنبیری سێکسی و ڕۆشنبیری خوێندنەوەی دەروونی ژنیان کەمە هەرچیەک بێت پایە وپلە و خوێندەواریان تووشی ئەو خیانەتە دەبنەوە چونکە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد کردارەکانی نێوان خۆیان دەست نیشانی دەکات نەک کار و پیشە و بڕوانامە و ...هتد ، زۆریشن ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەی بەرز و شێوەیَ جوان و ڕەزامەندی کومەڵن ناتوانن ژنەکانیان ڕازی بکەن بەڵام کەسێک بە زۆر دەتوانێت ئەڵف وبیَ لە یەک جیا بکاتەوە ژنەکەی بەختەوەر دەکات ، ئەمەشیان من دەیگەڕێنمەوە بۆ بنەمای خۆشەویستی لای پیاو بەرانبەر ژنەکەی ، ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆش دەوێت هێندەش بە دووی زانستەکاندا دەگەڕێت بزانێت چون مرۆڤێکی خاوەن عەقڵێک بێت کە ژنەکەی لێی ڕازی بێت ، یان لە دەستی نەدات ، یان ڕووبەڕووی خیانەتی هاوسەرێتی نەکاتەوە کە لەم خاڵانەی خوارەوە پێک هاتوون .

1- نوێکردنەوەی هەمیشە پەیوەندی لە گەڵ ژنەکەی لە ڕێگەی ڕۆژانە دەربڕینی نوێی خۆشەویستی ، وەکو ئەوەی پیاوێک لە خۆی بپرسێت ڕۆژی چەند جار بە ژنەکەی دەڵێی خۆشم دەوێت ، چەند جار دەڵێ بە قوربانت بم ، چەند جار دەڵێ هەموو شتێکی لە ژیانمدا و ...تاد .

2- جۆری پراکتیکی سێکسی کە زۆر جار پیاو تەنها وەکو ئامێرێک ژن بەکار دەهێنێت بۆ بەتاڵکردنەوەی غەریزەکانی خۆی و گوێ نادات بە خواستی ژنەکەی یان تێر بوونی ژنەکەی ، بە تایبەت بۆ پیاوی کورد گویَ نادات بەوەی کە ژنەکەی لە نێو کەلتوورێکدا گەورە بووە کەلتووری شەرم و بڤە هەرچەندە نارازیش بێت لە جۆری سێکس کردن لە گەڵیدا دەری نابڕێت بەلکو تەنها بە ڕۆخسار ومامەلەیەوە دیارە .

3- زۆرێک لە پیاوان هەتا ئێوارە دڵی ژنەکەیان ڕەنجاندووە ، بەلام لە ئێوارەدا دەیانەوێت ژنەکانیان ببێت بە پاڵەوانی فیلمە ڕۆمانسیەکان و جوانترین جووت بوونی لە گەڵدا بگورێتەوە .

4- هەندێک لە پیاوان خۆیان تواناى سێکسیان کەمە و هەموو تاوانەکەش دەدەنە ئەستۆی ژنەکەیان ، سوکایەتی کردن پێیان کە ژنانێکی نەزاندوون لە پەیوەندی ژن ومێردایەتیدا .

5- جۆرێکی دی پیاوان تا ئێوارە بە هیوات وکار و خۆزگەکانی خۆیان خەریکن و ژنەکەیان فەرامۆش کردوە ئێوارەو کاتی جووت بوون ، دەیانەوێت ژنەکەیان لە پڕ ببێت بە خاوەن هەست وخەیاڵی نەچێت بە لای پاڵەوانێک کە خەیاڵی خۆی دروستی کردووە و بۆشایەکانی بۆ پڕ دەکاتەوە ، یان هاوسەری ئەو هاوەڵەیّ کە باسی مێردەکەیّ بۆ کردووە چەندی خۆش دەوێت وچۆن خۆشەویستی لە گەڵ دەگۆرێتەوە وبایەخی پێدەدات .

6- هەندێک لە پیاوان کاتیان بۆ سێکس داناوە لە چ کاتێکدا بێت بە پێی ئامارەکانیش زۆربەیان جووت بوون دەخەنە شەوە وە ، با مرۆڤ لە خۆی بپرسێت کاتێک هەموو ڕۆژێک دەوامی هەیە و هەموو بەیانێک لە هەمان کاتدا دەچێت بۆ دەوام چەند لێی بێزار دەبێت وچەند چاوەڕوانی پشوو هەفتە دەکات ؟ ئایە بە گاڵتە و بێ بۆچوونی پسپۆڕان ئەو پشو هەفتەیە دانراوە ؟ یان بۆ ئەوەیّ خۆی لەو ڕۆتێنە ڕزگار بکات کە هەفتەکە تووشی هاتووە ؟ سەیر نیە خەلک بەشێکی گرنگی ژیانی خۆی کە فاکتەرەکانی دی لە سەر دەوەستێت بکات بە هەمان ڕۆتێن و وەکو ئەوەی چۆن سێ ژەمە لە کاتی خۆیدا نان دەخوات وکار دەکات و بۆ دیندار نوێژ دەکات ئەوا کاتێکی فەرمی کراویشی هەیە سێکسی تێدا دەکات ، لای ژنەکەی دەیکات بەو ڕۆتینە کە واجبێکی خۆی جێبەجێ بکات نەک هەست بگۆرێتەوە لە گەڵیدا .

7- پەیوەندی بەر لە هاوسەری یەکێکە لەو فاکتەرانەی دەبێت بە هۆی خیانەتی هاوسەرێ لای ژن ، لەوانەش زۆرێک لەو پیاوانەیّ کە ڕۆشنبیریان لاوازە گۆڕانێکی زۆر لە کرداریاندا پێش هاوسەری ودوای هاوسەرێ ڕوودەدات ، لەوانەش :

ا – بەر لە هاوسەرێ بەردەوام ووشەی خۆشم ئەوێ و قوربانیدانی لە سەر زمانە و پاش هاوسەری دەگورێ بۆ سەرزەنشت گلەیی وا دەکات ژنەکەیّ پێش پاش هاوسەری بە پەیوەندی نێوان ڕاوچێ و نێچیر تێبگات .

ب- بەر لە هاوسەرێ لەوانەیە لە شوێنی کارەکەیەوە دەیان جار تەلەفونی بۆ کردبێت ، پاش هاوسەری یان ئەو مەسەلەیە بە تەواوی فەرامۆش دەکات ، یان جارێک دەیکات ، خۆ هەندێ لە پیاوان ئەو جارەش بۆ ئەوەی دەکەن بزانن چیان هەیە بۆ خواردنی نیوەڕۆ یان ئێوارە .وا دەکات ژنەکەی هەست بکات درۆی لە گەڵ کردووە خۆشی ناوێت ، یان کەسێکی دی لە ژیانیدایە و لەم بێزارە .

ج- زۆر جار پیاو بەر لە هاوسەری جۆرەها دیاری و یادگار پێشکەش بە ژنەکەیّ دەکات ، کە دەگات بە هاوسەری سەرجەمیان دەسڕێتەوە وهەرگیز بە دەستی بە دیاری ڕوو لە ژنەکەی

ناکات ، پیاوان هەڵەشن وابزانن ژن دیاری لە نرخەکەیدا دەبینن ، بەڵکو لەوەدا دەیبینن کە تا چەند لە بیری مێردەکەیدا بووە .

د- زۆرێک لە پیاوان بەر لە هاوسەرێ هەموو شتێکی ژنەکەیان لا جوانە لە پۆشاک پۆشین هەتا مامەڵە و ڕوخسار ،داوای هاوسەرێ قەدەرێک هەمووی دەگورێ دەیکات بە نەشیاو وناشیرین ، ئەمەش وا لە ژن دەکات بە دووی کەسێکی تردا بگەڕێت کە ئەمی پێ پەسەند بێت نەک پیاوێک کە هەتا پێ گەشتن ئەوی لا پەسەند بێت ،چونکە ئەو کاتە سەرجەم سۆزی پیاوەکەی بە کەف وکوڵێکی سێکسی کاتی بۆ پێگەیشتنی دەزانێت کە لە پێگەیشتنیدا کۆتاییان هات بۆیە ئەویش دەیەوێت بە خیانەت تۆڵەی ئەو درۆیەی لێ بکاتەوە و وابکات لەو سێکسەدا کە هاوسەرەکەێ ئەوی بە تەنها تێدا بینیەوە کەسانی دیشی تێدا بەشدار بکات وەکو ئەوەی پێی بڵێ عافێتی ناکەیت .

8- کۆمەڵێکی پیاوان پاش هاوسەری هیچ بایەخ بە پاک وخاوێنی و بوون خۆشی نێو پێخەفی نووستنی خۆیان نادەن و لە ناو جێگەشدا سۆزی بۆ ژنەکەی هەر هەتا پاش جووت بوونە و کۆتای دی هەتا پرۆگرامە ڕۆتینیەکەێ خۆی و شەوی داهاتوو .

9- ژمارەی ئەو پیاوانە چەندن کە وا لە ژنەکانیان دەکەن کە وا هەست بکەن شتێکی تەواو بە نرخ و تایبەتن لە ژیانی مێردەکانیاندا و ناگۆڕێتەوە بە هیچ شتێکی تر ، هەتا چاوەڕوانی خیانەت لە ژنەکەی نەکات .؟.

10- زۆرێک لە پیاوان خۆیان پەیوەندی تریان لە دەرەوە هەیە و وادەزانن ژنەکانیان نازانێت ، بەڵام بە پێی زانستی دەروونی هەستەوەرترین مرۆڤ ژنە بەرانبەر کەسە نزیکەکانی ژمارەێ ئەو دایکانە کەم نین کە زانیویانە ودڵی پێی گووتوە کوڕەکەی یان هاوسەرەکەی دەکوژرێت ، ئایە پیاوان پێیان وایە پەیوەندی هاوسەرێتی نزیک تر نیە وزووتر بەوە نازانێت و بێ ئیرادە ئەویش بە لای ئەو خیانەتەدا ناگەڕێت .

11– ژمارەیەکی زۆری پیاوان چاو لە دەرن و هەمیشە چاو دەگێڕن ، ئەو چاو گێڕانە بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست ، واتە ئەو پیاوە بە دوای شتێکدا دەگەڕێت لە دەرەوەێ ژنەکەێ خۆی ، یان بە شتێکی ژنەکەی ڕازی نیە و بۆ بەدیلی دەگەڕێت ، کام ژن کە ئەو جۆرە کردارە لە پیاو ببنێت هەست بە دڵنیایی دەکات و بیری ئەویش بۆ لای پیاوی دی ناچێت .؟ .

12- جۆرێکی دی لە پیاوان لە ڕووی ئابوری و بۆ سەرف کردنەوە ژنەکەێ پاش هەموو شتێک دێت ، پاش خۆی ، پاش منداڵ و شتی ناو ماڵ و تەنانەت کەس و کاری خۆشی . کام ژن هەست بکات پلە سێ وچوارە لە ژیانی مێردەکەیدا بە تایبەت لە کەس کاری خۆشی گەر بە کردەوەش پێی نەکرا بیری بۆ خیانەتی هاوسەری ناچێت ؟ .

13- کەم پیاو لە کاتی هاوبەشی جێگەدا گوێ دەدات بە شێوازی ڕاکشان و پرخە و بوونی هەناسە و..تد ، هەوڵ دەدات هەمیشە ئەو مرۆڤە بێت کە ژنەکەی دەیەوێ زیاتر و زیاتر لێی نزیک بێت .

14- هەندێک لە پیاوان لای کەس کاری خۆیاندا هیچ نرخێک بۆ ژنەکەیان دانانێن .هەر هەڵە و کەم کورێک هەبێت باسی دەکەنەوە یان وەکو ئەوەیَ لە ماڵەوە کرداری لە گەڵ دەکات لای کەس و کاریدا نایکات ، بەڵکو لای ئەواندا توندوتیژ تر ونامرۆڤانە تر دەجوڵێتەوە ، خۆ جۆرێک لە پیاوان هەیە لە سەر قسەی کەس و کاری سوکایەتیش بە ژنەکەی دەکات ،یاخود کەس کاری وەکو براو باوک ودایک دەبن بە بڕیار دەری ژیانی ئەو ، ئایە ئەم جۆرە پیاوە چاوەڕوانن ژنەکەیان خیانەتیان لیَ نەکات ؟لە کاتێکدا هاوبەشەکەیَ ژیانی بە پلە دوو سەیری دەکات ، ئایە کورد لەوەتەی لە چوار پارچە مارە براوە و بە پلە دووش سەیر کراوە هەمیشە بە خیانەتی نە زانیوەوە هەوڵی خیانەت و تۆڵەی لە برانبەرەکەیَ نەکردوەتە ؟ دە دڵنیابە پیاوی غەفڵتگیر ئەم مەسەلەیەش هەر وایە .

15- کەم لە پیاوان دەتوانن خۆشەویستی نوێ بکەنەوە لە گەڵ ژنەکانیاندا هەر وەکو چۆن جل وبەرگ و شوێن نویَ دەکرێتەوە ، بزانن کە ژنان زیاتر بایەخ بە خۆشەویستی ڕۆحی دەدات و پیاو بە لەشی ،کەواتە چی بکات بۆ ئەوەی ژنەکەیَ هەمیشە وا هەست بکات ئەو کچەیە کە خۆشی ویستووە بەر لە هاوسەرێتی ویستویەتی . نەک وا هەست پیَ بکات کە ژنێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ، ئەو سەردەمە تێپەڕی .

16- جۆرێکی دی پیاوان ئەگەر ژنەکەیان خاوەنی برێک بێت لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی وەکو خوێندن و کار و دیاردە شارستانیەکانی دی منت بە سەر ئەرزدا دەکات ، وای پیشان دەدات کە ئەوی مەزن هێندە ڕۆشنبیر و تێگەشتوە ئەو بەخشندەیەی هەبووە بەرانبەر ژنەکەی نەک وەکو ئەوەی کە ئەو ژنە مافی خۆیەتی هەموو مافێکی هەبێت ئەگەر پێشتریش نەیبووە لە بچووکی ونامەعریفی ئەوانە بووە کە ڕێگری بوون ، ئەمەشیان هەمیشە پیاوە ڕێگرە لە بەردەم ژندا ئیتر چ باوک بێت یان براو و هاوسەر و..تد.

17- ژمارەیەکی ڕۆشنبیری لاواز لە پیاوان کاتێک هاوکارێکی ژنەکانیان دەکەن لە ماڵەوە وەکو ئەوە سەیری دەکەن کە کارێکی ئێجگار گەورەی کردبێت ودیسان دەیکەنە منەت بە سەر ژنەکانیانەوە کە ئەو کاری بۆ ئەوی ژن کردووە ئەمەش قوربانیەکی گەورەیە چونکە کاری ئەومی پیاو نیە ،بەلام ئەم لە پێناویدا ئەوا ئەو کارەشی کرد وا دەکات یەک کارەکە لای ژنەکەیَ هیچ واتا و ڕێزێکی نەمێنێت ،لەوەش گەورەتر وا دەکات ژنەکەی وا هەست بکات خۆی لە بیابانێکدا بە تەنها دەژی و ئەو کەسەی کە ناوی ناوە هاوسەری ژیانی خۆی بە هاوبەشی هەموو شتێکی ئەو نازانێت .

18 - هەندیَ لە پیاوان متمانەی ئابووری بە ژنەکانیان ناکەن یەک هەمیشە خەریکی حساب و ئامارکردنن چەندی سەرف کردوە وە بە چی داوە ، وەکو ئەوەی ئەو مافەیَ نەبێت ، دوو : ژنەکانیان ئاگایان لە لایەنی ئابووری ئەو نیە بۆی ئاشکرا ناکات وتەنانەت ئامادەیە پارە لای خۆشک وبرا وکەس کار حەشار بدات بۆ ئەوەیَ ژنەکەی بە تەواوی نەزانێت چەندی هەیە ، نەخێر لەمەش زیاتر لە دادگاکاندا زۆر جار دوو برا کێشەیان هەبووە لە سەر ئەوەیَ هەمیشە پارەی پەلکێش کردووە بۆ براکەیَ گوایە قەرزارێتی ،بەلام کاتێک کێشەیەکیان هەبووە دەستەکەی ئاشکرا

بووه ، ئەم مێژووە ڕەشانە لای ژنان بە چی تۆمار دەکرێت جگە لە خیانەت هەتا بیری بۆ خیانەت نەچێت ؟

19- هەندێک لە پیاوان خۆیان روو لە سەرجەم شوێنە خۆشەکان وگەشت وگوزار وسەفەر و بارِ وسەماخانەو کۆبونەوە ودانیشتن لە گەڵ هاورێکانیان دەکەن ، بە بێ ئەوەێ بەشداری ژنەکەێ بکات ، واتە ژنەکەی لە گەل خۆی بەرێت ، یان هەمان ماف بە ژنەکەێ بدات کلە گەڵ هاورێکانیدا ، تەنانەت هەندێ جار ژنێک بچێت هاورێکی ژنی ببینێت یان پیاوەکە لە گەڵی دەرِوات یان کاتی مانەوەکەی بۆ دەستنیشان دەکات ، یان کە هاتەوەی پرسیاری هەموو قسەو گفتوگۆکانیان دەکات ، پیاوانێک بەو هەموو هەست بە کەمی کردنەوە بژین ،چۆن باوەر دەکەن سۆزی ژنەکەیان تەنها لە گەڵ ئەواندایە .

20 –هەندێک لە پیاوان رووی خۆش بە ژنەکانیان نادەن وپێیان وایە ئەو کاتە ژنەکەی وەکو مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی و پیاو سەیری دەکاتکە قەپۆز پرِ کەم قسە و دوو بێت ،هەتا لە دەرئەنجامدا ووشکی ئەو بەرەو لای زمان تەرێک ڕایدەکێشێت .

21- کۆمەڵێکی دی پیاوان زۆر لە مافی کرداری جوان لە ژنەکانیان تابۆ دەکەن و دەڵێن با فێر نەبێت و پێیان وایە ئەگەر هاتنە خوارەوەیەک لە پەیژەی غروری ڕوویدا ئیتر ئەو پەیژە دەشکێت وژنەکەشی پێی فێر دەبێت کە هەمیشە لە غرور بیهێنێتە خوارەوە لە کاتێکدا هەر هەبوونی ئەو غرورە خۆ خەڵەتێنە شاهیدی دۆڕاوی ئەون ،هەرئەوەش وا دەکات ژنەکەێ بیر لە کەسێک بکاتەوە کە بە ساکاری وخۆرسکی ژیانی لێ وەرگرێت نەک بەو عەقڵیەتە دواکەو تووەی ژنەکەی لە بەختەوەری بکەیت بڵێیت با فێر نەبێت .

22- جۆرێکی دی پیاوان رێگەێ پێگەشتن وپێشکەوتن لە ژنان دەگرن ، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەس وەردەدەن لە هەموو خواستێکیان وتەنانەت پۆشاکیش پێویستە بە ئارەزووی ئەوان بیپۆشن نەک خۆیان

.

23- هەندێک لە ژنان بە ئارەزووی خۆیان شوو ناکەن و بە شێوەی زۆر ملێ وجەخت کردن هاوسەرەکەی هەڵدەبژێرێت ،بێ گومان هەرگیز دڵی لە گەڵی نابێت

24 – هەندێک لە پیاوانە بە خاتری ڕوخسار یان بەرژەوەندی مادی ومەعنەوی یان لە بەر ئەوەێ خوشک وکچی فلان وفیسارە کە کەس وکاریان ناویان هەیە لە ناو کۆمەڵدا ژنەکەی خواستووە ، ئاشکرایە ئەو ڕوخسار وشێوەیە جگە لەوەی گیانی مردنە بە ماوەیەکی کەمیش لە چاویدا کۆن دەبێت ،بە دوای وێنەێ نوێدا دەگەرێت .

25- هەندێ لە پیاوان لە کاتی گفتوگۆ لە سەر کیشەیەک هێندە چڵێسانە پەلاماری مەسەلەکە دەدەن و هەرچی لایەنە سلبیەکانی نێوانیان هەیە دیدەنە پاڵ ژنەکە ، کە ئیتر سارد بێتەوە لە هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەرکردن و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکەیان ، بۆیە باشترین چارە لە لای دەبێت بە ڕاکردن بۆ جیهانێکی دی کە درۆ وتۆمەت و تاوانبار کردنی مێردەکەی بیر باتەوە و گوێ لێ بگرێت. .

26- پیشەیەکی دی پیاوان کە پاڵنەرێکی زۆر ئاکتیڤە لە خیانەتکردنی ژندا جنێودان و سوکایەتی پیاوە ، سەیرە پیاوێک بە ژنەکەی بڵێت بێ ڕەوشت یان سۆزانی یان خراپەکار وهەر ووشەیەکی دی

چاوەڕوانی ئەوە نەکات ژنەکەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوەی کە بڵێت خۆ هاوسەرەکەم هەر پێم دەڵێ ڕەوشت نزم و خراپەکار ئیتر بۆچی خراپەکار نەبم پیشانی نەدەم خراپەکاری یانی چی ؟
27- پیاوانێک هەن هەر لە سەرەتای ژیانەوە کۆمەڵێ کردەوەی نابەجێ وتوندوتیژی لە مامەڵە و حساب نەکردن بۆ خواست وبۆچوونی ژن پراکتیک دەکەن ، گوایە دەیانەوێ قسەی دوای بڕیاری دوایی لای ئەوان بێت و خۆیان ئیدارەی ماڵ و ژیانی هەردولا بکات یان دەسەڵاتی یەکەمی ماڵ بێت ،بەوەش هەر لە سەرەتاوە پەردەیەکی ئەستوور لە نێوان هەردوو لادا دروست دەکات کە نەک تەنها ئیدارەکردنی ماڵەوە بەڵکو لابردنی ئەو پەردەیەش زۆر زەحمەت بێت ، ئەمەش وادەکات ژن لە گەڵ مێردیدا هەست بە غەریبی بکات ، پەنا بۆ ئاشنا بەرێت .
28- جۆرێکی دی پیاوان تەنها ژن ومێردایەتیان لە گەڵ ژندا هەیە و هاوڕێیەتی لە گەڵدا دروست ناکەن و باسی کەم وکوڕی وهەڵەکانی خۆیان لای ژن ناکەن ،بە تایبەت لای ژنی خۆیان هەرگیز فرمێسک نارێژن ، بەڵام ئامادەن لە سەر کۆشی خۆفرۆشێک هەرچی دانپیادانیان هەیە وەکو بەردەمی کەنیسە بەتاڵ بکاتەوە ، نازانێت کە ژن دەزانێت مرۆڤ بێ هاورێ نابێت ،گەر لە گەڵ ئەو هاوڕێ نییە واتە هاوڕێیەکی لە دەرەوەی ئەو هەیە و ئەمی ژنیش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە .
29- ژمارەیەکی زۆری پیاوان لە ڕوانگەی عەشایەری و پەیوەندی نێوان ئاغ و دەرەبەگ لە دەست ماچ کردن دەنواڕن ، بە کەمی وهاتنەخوارەوەی دەزانن گەر دەستی ژنیان ماچ بکەن ، لە کاتێکدا بە پێوەری خۆشەویستی ماچ کردنی پشتی دەشت واتە ڕێز لێ گرتن وماچ کردنی ناو لەپ واتە من مولکی تۆم یان بۆ تۆم ، ئەگەر پیاوێک بە ووشەو بە هێما ژنەکەی تێنەگەیەنێت کە بۆ ئەوە چۆن دەیەوێت ژنەکەی تەنها بۆ خۆی بێت .
30- پیاوانێکی دی هەمیشە منەتی کارکردنی خۆیان بەسەر ژنەکانیان دەکەن ووای بۆ دەردەخات مادەم ئەو کاردەکات و پارە دەهێنێتەوە ، ئەمی ژن پێویستە خزمەتکاری بکات و مافی دی لەسەری نیە ،یان نازکردنی توانایەک کە هەبێت ، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە کەم نین ژمارەی ئەو ژنانەی خاوەنی تایبەتمەندی و توانانن پیاوەکانیان هەمیشە هەوڵ دەدەن لە بەهایان لای خۆیان بهێننە خوارەوە بە کەم سەیری تواناکەیان بکەن و ئیرەیان پێ دەبەن .
هەموو ئەوانەی سەرەوە واتای خۆشەویستی و سێکس دەکات لای ژن ، سەرجەمیان ئەو خاڵە گرنگانەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ لە سەر ڕۆح و ژیانی ڕۆحی ژن دەکەن ، کێ دەڵێ ژن تەنها بە سێکس کردن ڕازی دەبێت هەتا پیاوان ئەگەر لە گەڵ ژنەکانیان ئەنجامیان دا ئیتر لەوە دڵنیا بن کەم وکوڕییان نیە بەرانبەر ژنەکانیان و ژنەکانیان گەیاندووە بە چێژ وەرگرتن و ڕووبەرووی دژواری نابێتەوە
پیاوئەگەر سەیری ئەوە بکات ویستم هەڵەکانی تەنها لە 12 خاڵدا چر بکەمەوەو گەشتم بە 30 بیرم هاتەوە 12 م گووتوە و هیشتا زۆریش ماوە پێویستە بزانێت کە ڕۆشنبیری هاوبەشی چەند لاوازە و چەندی کەم و کوڕی تێدایە ..چەندین نموونەی دیکەش کە لەوانە قێزەونترن جا با هەموو پیاوێک کە ئەو خاڵانەو چەندین خاڵی دی فەرامۆشکراویش دەبینێت بە خۆیدا بچێتەوە ،بزانێت چەندی لەم خاڵانە تێدایە ،ئەوجا دەزانێت بۆچی ژنەکەی هەمیشە پەستە و ڕوو گەشیەکانی پەریوە ؟، یان بۆچی خیانەتی لێکردووە ؟ ، زانستی دەروونی سەلماندوویەتی ئەو ژنانەی هۆکارێک لە ژیانی

سۆزدارییاندا هەیە کە دەبێت بە هۆی نارەزایی بە تایبەت ئەو خاڵانەی سەرەوە هەمیشە پەست وتوورە و غەمبار ورەنگ زەردە (لەمەوەیە بە ژنی رۆنەقدار دەگوترێ بەختەوەر) ، هەتا وای لێدێت تووشی گرفتی دەروونی دەکات بەوەش سەرجەم میکانیزمی پەروەردە کردنی لا دەشێوێت و منالانێکی توند وتیژو دواکەوتوو و گرێدار پەروەردە دەکەن وەکو ئەو هەموو نموونەی لە کوردستاندا هەن ، یان دەرئەنجامی ئەو فشارە دەروونیە بەرەو خیانەتی هاوسەریتی دەبەن چەندە بە هێزیش بێت ، چونکە فاکتەرە دەرونێکان کاریگەریان لە فاکتەرە عەقڵیەکان لە سەر مرۆڤ زۆرترە ...بۆیە پێویستە بەر لەوەی بڵێین ئەم دیاردانە بۆ زۆرە و لە ناو کوردیشدا تەشەنەی کردووە پیاوان سۆرشێکی رۆشنبیری خێزانی لە ناو خۆیاندا دروست بکەن ، ئەو پیاوانەی کاتێک ژنەکەیان بەر تۆمەتی خیانەتی هاوسەری دەدەن ، زیاتر لە مەوداکانی عەقڵی خۆی شەرمەزار بێت و بزانێت کە پیاوەتی وبیرو هۆش رۆشنبیری خۆی چەند لاکەوتە وناست نزمە کە پاڵی بە ژنەکەیەوە ناوە خیانەت بکات ، ئەو پیاوانەی بە تاوانی شەرف ژنەکانیان دەکوژن یان هانی براو کەس و کاری لێدەدات کە کچ یان خوشکەکەیان بکوژن گوایە شەرەفی رۆشتووە ، جوانترە شەرەفی خۆی نەبات هەموو کەس لەوە ئاگادار نەکات کە ئەو هەموو کەم و کوریەی شەرەفی تێدایە کە پاڵی بە خۆشکەکەی ، کچەکەیەوە ناوە لە سروشتی رابردووی خۆی دەرچێت بەرەو سروشتێکی نارێکی جیاواز .کام پیاو بە تایبەت پیاوی کورد کە چوارمێخەی عەقلی بە ووشەی شەرەف دراوە راڤەی ئەوەی کرد، ژنەکەی پێشتر و بەر لەوەی ببێت بە هاوسەری ئەو نە خۆ فرۆش بووە ونە خیانەتکار پاش هاوسەرکردنی ئەو شەرەفە چیە لە ئەوی پیاوی وەرگرتووە تا ببێت بە خۆفرۆش و خیانەتکار ،ئایە ئەگەر خۆفرۆش بوایە ئ‌و دەیکرد بە هاوسەر ؟ بێ گوومان نەخێر ..کەواتە بەر لە ناسینی ئ‌و خۆفرۆش وخیانەتکار نەبووە . گەورەترین شەرمەزاری بە نێو چەوانی پیاوانەوە بە تایبەت پیاوانی کوردیش کە ئەم مەسەلەیە بووە بە دیاردە لە ناو کوردستاندا ئەوەیە کە هێندە ناتەواون لە هەموو رووەکانەوە بوون بە هۆی ئەوەی ئەو هەموو خۆفرۆشی وخیانەتە بڵاو بێتەوە لە کاتێکدا هیچ ژنێک لە دنیادا بێ رەوشت نیە وەکو ئەوەی پیاوان بانگەشە دەکەن بۆ هۆکاری خیانەتەکان بەڵکو هەمیشە پیاوێکی گەمژە و کاڵ فام لە پشت ئەو کردەوەیە .

بەلام لە گەل هەموو ئەوانەشدا پێویستە ژن بگات بە ئیرادەیەکی لەوە بە هێزتر ، دەروونێکی لە دەروونی ئەو جۆرە پیاوە ساغ تر ، یەکەم هەوڵ بدات بۆ چارەسەری کیشەکە و ئەگەر زانی هاوسەرەکەی لەو جۆری خاڵی ( 25 و 26)ە ئەوا ،سڵ لە تەلاق وەرگرتن نەکاتەوە چونکە هەموو کاتێک تەلاق وەرگرتن لە خیانەتی هاوسەری پەسەند ترە ،هەندێ جار دەگەم بە قەناعەتێک کە هەموو ژنێکی کورد پێویستی بەوەیە دوو جار شو کردن هەیە ،جارێک بۆ تەلاق و جارێک بۆ هاوسەری ، مرۆڤ ئەو بێ ئومێدیەی لەوەوە تووش دەبێت کە ژنی ئێمە هێندە لە پیاوەوە دوورە تەنها بە هاوسەریتی دەتوانێت هێندە پیاوێک ببینێت کە بتوانێت بزانێت هەڵە و راستەکان و درو ساختەکانی پیاو لە کوێدا بەرجەستە دەبێت ،چونکە ژنی کورد چ لە رووی خوێندەواری وچ لە رووی کەلتورییەوە هێندە دابراوە کە زۆر جار ئاگاداری فاکتەرەکانی چەوساندنەوەی خۆشی نیە ، تەنانەت نازانێت رەنگ زەردی و تورەی و نارەزایی هەمیشەیی لەو فاکتەرانەی سەرەوە سەرچاوەی گرتووە . دیسان پیاوی کورد هێندە نارۆشنبیرە کەمیان هەیە لە گەڵ ئەو کەسەی هەڵدەبژێرن

*100% ڕاستگۆ بن ، بۆ ئەوەی لە پاشدا ناڕاستیەکانی تووشی گرفتی نەکات وژن بەر لە هاوسەر بوون بە ڕاستی و وەکو خۆی بیناسێت ،چونکە پێی وایە ئەوی پیاو پێویستی بە عەقڵێکی لە کار کەوتووە ، با ئێستا عەقڵی لە خشتە بەرێت پاش هاوسەری ناچارە هەموو شت پەسەند بکات ، نازانێت ئەو عەقڵە لە کار کەوتووە بەرەو ڕێگەی تری دەبات .*

## ئایە فیمینزم باوەڕی بە ئازادی سێکسی هەیە ؟.

بە بێ ئەوەی بچمە سەر هیچ پێشەکی و سەرچاوەیەک ڕاستەو خۆ دەڵێم ئەوانەی لە سەرەوە باسکران و ئەوانە کە هەر پرۆسەیەکی دەرەوەی سروشتی مرۆڤایەتی دەکات هیچ مافێکی بە سەر فیمنزمەوە نیە ، مرۆڤی فیمنست هەڵگری ئەو جۆرە ئاکارە نیە ، ناڵێم بیر وباوەڕ چونکە لە بنەمادا هیچ پابەندیەکیان لە گەڵ فکردا نیە و تەنها هاوبەشی دەردە و گرێ دەروونی جیاوازەکانن و دیارترین هۆکارەکانی ئەو پاڵنەرە دەروونیانیەشمان دیاری کرد .لە بنەمادا هەوڵی فیمنست پێویستە دەرچوون بێت لە بن دەستی و چەوساندنەوە جیاوازەکان تەنانەت لە جۆری چەوساندنەوەی خود بۆ خودیش ،من ئەمە دەکەم بە پەیامی نوێ فیمنستی کوردی و پێویستە ئەوە بزانرێت کە دیاردەی لیزبێنیش ( سێکس کردنی هاوڕەگەز ،واتە ژن لە گەڵ ژندا بە هەمان هەڵە وپاڵنەری دەروونی لای مرۆڤەکانە سەری هەڵداوەو بەڵام تەنانەت لە ئەورووپاشدا هەندێ سەرلێشێواو ئەو پرۆسەیە ئەنجامدەدەن گوایە فیمنستیە ، بەڵام لە ڕاستیدا وانیە و بە لێکدانەوەی ساکاری هەر مرۆڤێکی ساکاریش دوور لە هەموو بەهایەکی ڕۆشنبیری گەر بکووترێ چەمکێک خۆی دەنوێنی بۆ گۆڕینی ژیانی ژن لە گووتاری پارتیارکیەوە بۆ گوتاری ژنانە ، تێدەگات کە مەبەستی هەلاواردن ولابردنی سەرجەم چەوساندنەوەکانە لە سەر ژن ، ژنیش هەتا هۆشیار نەبێت نازانێت جۆری چەوساندنەوەکان چۆنن بۆ ئەوەی قەلاچۆیان بکات ،کە بوو بە خاوەنی ئەو لێکدانەوەیەش ئەو کات دەزانێت تەنانەت بیر ڕۆشتنی خۆشی بەلای مەسەلەیەکی وەکو لیزبێندا تاوان وچەوساندنەوەیەکی نوێیە ،ئەم جۆرەیان نە کۆمەڵ پاڵنەرێتی نە کەلتوری کۆمەلایەتی ، تەنها و تەنها بیری نادروست و کارکەرە دەروونیەکان پاڵنەری ئەو مەسەلەیەن ، وە ئەگەر لە من بپرسیت ئەو جۆرە مرۆڤانەی سێکسی هاوڕەگەز ئەنجام دەدەن چییانە ڕاستەو خۆ دەڵێم نەخۆشی دەروونیان هەیە .

بۆ زیاتر جەخت کردن لە سەر ئەوەی کە فیمنست واتە ئازادی سێکسی و خۆفرۆشی و خیانەتی هاوسەری ناکات ، دەچمەوە سەر بەسێک لە ژیانی گەورە دانەری تیوری فیمنستی ،سیمون بۆڤوار ئەوکاتەی لە ساڵی 1947 دەچێت بۆ وانە گووتنەوە لە زانکۆکانی ئەمەریکا ، ئەو کاتە بۆڤوار تەمەنی 35 ساڵ بوو ،وە لە لوتکەی ناوبانگدا بوو لە کە پاریسەوە ڕووی کردە ئەمەریکا و لە شیکاگۆ بوو بە هاوڕێی نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکی (نلسۆن گرنیە )خاوەنی ڕۆمانی (ئەو پیاوەی دوو باڵی ئالتوونینی هەبوو) ،هەر لەوێ لە گەڵ بۆڤواردا پەیوەندی خۆشەویستی دەکەوێتە نێوانیان و هەتا ساڵی 1964 نامەیان گۆڕیوەتەوە ،بەڵام پاشان سیمۆن بە ژن هێنانی نلسۆن گرنیە لە ژنێکی دی تووشی شۆک دەبێت ، بە تایبەت کە خۆشەویستی بۆڤوار بۆ گرنیە خۆشەویستی کاتی وناڕاست نەبووە ، بۆیە بۆڤوار دەگەڕێتەوە پاریس لەوێ لە دوو تۆی کتێبێکدا بە ناوی ( پیاوە

خۆشەویستەکەی شیکاگۆ ، نامەکان بۆ نیسلۆن گرنیە) سەرجەم ئەو نامانەی بڵاوکردەوە کە بۆ گرنیەی نووسیوە ، ئیتر لەو کاتەوە پەیوەندی خۆشەویستی لە ژیانی بۆڤاردا سڕایەوە وەکو ئەوەێ خۆی باسی لێکردووە و نزیکترین پیاویش لێوەی سارتری هاوڕێی بوو کە خاوەنی درێژخایەنترین هاوڕێتی نێوان نووسەران و بلیمەتانن ، ئەم هاوڕێیەتیان 52 ساڵی خایاند بە بێ ئەوەی هاوسەری بکەن ، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر ماوەێ ئەو 52 ساڵە هاوڕیەتیە و هەموو تەمەنی بۆڤاریش هەتا مردنی ئەو ئەنگوستیلەی نیلسۆن گرنیە پێی بەخشیبوو هەر لە پەنجەیدا بوو .

مرۆڤ گەر لەو هەلوێستە بڕوانێت کە بۆڤارێکی یاخی لە سەرجەم بۆچوونەکانی سەردەمی خۆی وگەورە داهێنەری فەلسەفەی بوونگەرایی لە گەڵ سارتری هاوڕێی و گەورەترین نووسەری سەردەمی خۆی بەرانبەر مرۆڤێک کە خیانەتیشی لێ کردووە . دەزانێت ئەم خۆشەویستیەی بۆڤوار زۆر لەوانەی خێڵی عەزرە مەزنتر و پاک ترە ، چونکە دەکرێ پاڵەوانانی خێڵی عەزرە خۆشەویستیان کردبێت تەنها بە هەبوونی سۆز بەڵام بۆڤوار بە هەبوونی سۆز و ئاوەز و هزر ، ئەگەر ئەوانەێ یەکەم تەنها داستان و چیرۆکی خەیاڵی بن ، ئەوا دووەمیان کە بۆڤوارە کەسێکی ڕاستەقینە ودانەری تیوری ژیانە ، کەواتە لای فیمینزم خۆشەویستی ئەو پیرۆزی و واتای هەیە کە بەرابەر ناکرێت لە گەڵ واتاکانی ئازادی سێکسی و لەشفرۆشی و خیانەت . ئایە بۆ کەسێکی وەکو سیمۆن بۆڤوار لە کۆمەلگایەکدا نەبوو ئازادانە ڕێگە جۆبەجۆرەکان بخاتە بەردەمی ؟ ئایە هزر و بۆچونی ڕێگەی پێنەدەدا کە ئەو کارەساتە بە ئاسایی وەربگرێت ؟ نەیدەتوانی بیر لە تۆڵە بکاتەوە گورزی کوشندە لە گرنیە بدات لە بری ئەوەی ڕاستگۆیانە لە ئەو بەڵگانە بڵاو بکاتەوە کە لە هەموویاندا باسی خۆشەویستی خۆی بۆ گرنیە دەکات ، هەروەها لە پاشاندا باسی وەفا و پابەندبوونی هاوڕێیانەی بە سارتەرەوە دەکات ، هەر ئەم خۆشەویستیەش پەیوەندی زۆری بە نووسینی کتێبی ڕەگەزەکەی تر کە بەرجەستەی خۆشەویستی وا دەکات گەورەترین داو بێت بۆ ژن ، کەواتە سیموون لە ژێر کاریگەرێکی زۆری ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیدا بووە .لێرەوە دەتوانم بڵێم ئەو بۆچونانەش کە لە سەر سیمۆن دەگووترێت گوایە لیزبێن بووە ، واتە پرۆسەی سێکسی لە گەڵ قوتابیە کچەکانی خۆیدا هەبووە کە من ناتوانم ئەمە بە تەواو وەربگرم چونکە سەرچاوەیەکم لە بەر دەستا نیە ئەو مەسەلەیە ڕاست بکاتەو دیسان ئەو ژنە وەکو خەباتکارێکی یاخی سەردەمی خۆی دەکرێت زۆر ناحەزی هەبوویێت وئەوانە گووتراوە تەنها بۆ لێدانی بوویێت بە تایبەت لەو کاتەدا تازە بزوتنەوەی لیزبێنی بە ئاشکراو بە هێزەوە دەردەکەوێت و لای ڕۆژئاوایەکانیش بە پرۆسەیەکی نەفرەت لێکراو ناوزەد کراوە .

بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو مەسەلەیە ڕاستیش بێت ، سیموون کاتێک ئەوەی نەکردووە کە خۆی قوتابی بووە بەلکو کاتێک بووە کە قوتابی هەبووە واتە مامۆستا بووە ، لەو کاتەشدا تووشی شۆک بووە بەرانبەر بە مرۆڤێک کە بە ڕاستی خۆشی ویستووە ساڵانێکی تەمەنی لە بەر خاتری ئەو لە ئەمەریکادا بە سەر بردووە ،کەوتوەتە ژێر ئەو کاریگەرێ گەورەش کە گەورەترین شاکار بنووسێت کە ئەڵقەکەی تا مردن لە پەنجەدا بێت و نامەکان بڵاو بکاتەوە ، کارێکی ئاساییە کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەوەی کە متمانەو خۆشەویستی بۆ پیاو نەمێنێت و بەرەو لادان بچێت چونکە وەکو گووتمان ڕاستە ئاستە فکریەکان کاریگەری گەورەیان لە سەر کاریگەریە دەرونیەکان و هێزی ئیرادە هەیە ،بەڵام لە هەمان کاتدا پاڵنەرە دەروونیەکان کاریگەریەکی ئێجگار گەورەتریان هەیە .بۆیە بۆڤواریش

وەکو هەر ژنێکی دی دەکرێ کەوتبێتە ژێر ئەو کاریگەریە دەروونیانەی کە پێشتر بە چەندین خاڵ باسمان لێوە کرد ، چونکە لە ژیانی بۆڤوار و ئەو کاروانی خۆشەویستییدا کە ماوەیەکی درێژی خایاندوە کۆمەڵێک لەو خاڵانە ئامادەی خۆی دەنوێنێت .بەلام هەرگیز ئەوە واتای فیمنستێت ناکات وبۆڤوار لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی بەوە نەکردوە وە تەنانەت ئەگەر ئەو مەسەلەیە ڕاست بێت وبۆڤوار کەسێکی لیزبێنیش بووبێت لە هیچ سەرچاوەیەکم نەبینیوە ئاماژەی پێ بکات وشانازی پێوە بکات ،یان دانی پێدا بنێت کە بە ڕاشکاوانە باسی لە قۆناغەکانی ژیانی کردووە . خۆ گەر بۆڤوار نەیزانیبایە بۆچون و کردەیەکی هەلەیە گوزارشتی لێ دەکرد ،یان گەر بیزانیبا لە نێو چوارچێوەیەکی فکری دیاری کراودا بە تایبەت فکرێکی وەکو فیمنستی جێگای دەبێتەوە بێ گوومان ڕاڤەی دەکرد چونکە شتێک بوو خۆی کردوویەتی بڕواشی پێی هەبووە .

ژنی کورد پێویستە ئەوە بزانێت تەنانەت ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان فیمنیزم بوون واتای لیزبێنی وئازادی سێکسیش کردبێت ، ئەو هەر پێویستی بە سیستمێکی فیمنستیە بەو واتای جیهان بینی ژن ، نەک بە واتای جێگە کردنەوەی ئەو نەریتە یان دەرد و گرێ دەروونیانە ، بەڵکو تیورێک لە سەر بنەمای دروستی دەروونی وزانستی و پسپۆڕی لە جیهانبینی ژندا دامەزرابێت و باوەڕی مرۆڤیش بەرەو کایەی مەعریفی ئەو پرۆسەیەی بە ئاسانی تێیدا بەرجەستە بێت .باوەڕی بەوە هەبێت کە دینامێکیەتی دەرەوە کاریگەری هەیە لە سەر پەیوەندی کردار و پەرچەکردار ، لەوێشەوە مرۆڤ مل دەنێت بەرەو دۆخێکی نوێ کە دەکرێ پۆزەتیڤ بێت یان نەگەتیڤ ،پێچەوانەی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی گرفتار یەکەیەکی نیە بۆ سەنترالیزم بوونی خود .بە هۆی بە کارهێنانی عقلی لە کارکەوتوو .

## لە کار کەوتنی عەقڵی بە کار نەهێنراو .

ژن ئەو مرۆڤە ساویلکە نیە هەست بە چەوساندنەوەی خۆی نەکات ،هەوڵی ڕزگار بوونیش دەدات بەڵگەش ئەوەیە ژنێکی لادێ نشینی نەخوێندەوار کە لە چەوساندنەوەکانی خۆی یاخی دەبێت مێردەکەی بە جێ دەهێڵێت وروو دەکاتە ماڵی باوکی ،کە ئەوە تەنها ڕێگە چارەی ئەوە ، لە ماڵی باوکیشدا هەر چەوساوەیە ، تەنانەت ئەو ژنانەی کە بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان بۆ لای دوعا کەر و جادووگەرەکان دەچن دیسان لە پێناوی ڕزگار بوون و کۆتایی هاتن بە چەوساندنەوە دەڕۆنە ئەو جێگانە لە وەهمێدا بۆ چارە دەگەڕێن ، هەتا ئەو ژنانەی لە هاوسەرە چەوسێنەرانەکەیان جیا دەبنەوە و ..هتد ، بەڵام هۆشیاری نەگەشتووە بە ئاستێک بزانێ کەم کوریەکان لە کوێدایە ، ئەو کەم زانین و ناڕۆشنبیریەشی زادەی سروشتی خۆی نیە و بە تەنها زادەی فەرەنگ و کەلتوری پەروەردەکار و ئامادەیی نەریتە کۆمەلایەتیە دواکەوتووەکانە ،چونکە هەردوو ڕەگەز بە هەمان ئامادەیی خۆرسکی ،ئاست و شێوە لە ڕووی توانا وزیرەکیەوە دێنە دنیاوە ، بەڵام ئەو وزە وتوانانە لای منالی کوڕ هەر لە منالیەوە ئاکتڤە و بە کاری دەهێنێت و لای مێینەش هەر لە منالیەوە دەچەپێنێرێت و ڕێگە لە گەشە سەندنی دەگیرێت ، لەمەشدا بە تەواوی باوەڕم وایە کە وزە وهزر وعەقڵێک بەکارت نەهێنا زووش لە کاردەکەوێت ،چونکە مرۆڤێکی پسپۆڕ چۆن هەتا زیاتر لێکولینەوە

بكات دۆزینەوەی زیاتر بە دەست دەهێنێت ، قوتابیەک چۆن هەتا زیاتر کۆشش بکات نمرەی زیاتر وتوانای زیاتر لە وانەکانیدا بە دەست دەهێنێت هزرو ئاوەزی مرۆڤیش بە هەمان شێوەیە ، هەتا مرۆڤ راڤە و تێبیری زیاتری هەبێت بەرانبەر دەرکەوتەکان زیاتر هزرو ئاوەزی گەشە دەکات ،هەتا هەمان پرۆسە کەمتر بێت ئاستی ئاوەز وهزریش بەرەو پوکانەوەو فەوتانی تەواو دەچێت ، ئەگەر سەیری ئەو بەشەی ژیانی ژن بکەین کە هەر لە منالیەوە ئاکتیڤ دەکرێت لە هزریدا و ورێگە بە گەشەکردنی دەدرێت بەشی شووکردن ومنالْ بەخێو کردن و مالْدارییە بە کۆمەلێک گرێی دەروونی و ترس و تۆقینەوە ، هەر ئەم فاکتەرانە وا دەکەن ژن زیاتر بە لای نەزانی و شەرمنی وکەم هزریدا ئاقار بگرێت کە ( ژنی شەرمن شارێک دەهێنێت ) لای نەتەوە دواکەوتووەکانی وەکو کورد ، بە بێ هزرو ئاوەزیش شارێکی هێنا هێندەی تر دەچێتە ژێر کاریگەری ساویلکەیی وترس لەوەیّ ژنێکی تر لەو شەرمن تر کەم بێ ئاوەزتر هەبێت وگرەوی شارەکەی لێ باتەوە ، ئاشکرایە ئەو کاتەیّ ترس وشەرم و بێ ئاوەزیش ئامادەیی دەبێت بەرگری نامێنێت ، بەم شێوەیە ژن لە بازنەیەکی بەتالْدا دەخولێتەوە تا دەگات بەو ئاستەی کە جەستەی خۆی پەروەردە بکات لە پێناوی ڕازی کردنی پیاوێکدا لە چوارچێوەی تەنها یەک ئامانجدا ئەویش ژیانە ، ژیانێک بێ هزر وتێفکرین وڕاو پایەگە تێدا ، ئەمی هەمیشە ڕازی بە هەموو شتێک و بێ ڕاو وبێ دەنگ ئەو جەستەیە پێشکەش بەو پیاوە دەکات کە دەیژێنێت وناوی ناوە هاوسەرِ یان هاوبەش ئەوی هاوسەرِیش دەچێت کاردەکات لە پێناوی ئەو جەستەدا پارەی بۆ دەهێنێتەوە ، چونکە کاتێک پەیوەندی ڕۆح ، فکر وڕا نامێنێت ،تەنها پەیوەندی لەش دەمێنێتەوە بە بێ بەها مرۆیەکان ، لێرەوەیە جەستەیەکی سێکس ئامێز دەتوانێت گارەنتی زیاتری مانەوەیی ژیانی بدات ، ئەگەر مرۆڤ بە ویژدان و بە ووردی سەیری ئەو پرۆسە بێ ڕۆحەش بکات دیسان لە پرۆسەیّ لەشفرۆشی دەچێت ، بەلام لەش فرۆشێکی لە ژێر پەردەی هاوسەرێتیدا شەرعیەت پێدراو ،ئەو پرۆسەیەش لای هەردوو لا دەچێتە خانەی داگیرکاری ودەست بە سەرا گرتن ئەمەش هەلْەیّ تێگەشتنی پیاوە لە ژن ، کە پێی وایە مادام جەستەی هەیە بۆ سێکس وە گەڕایەوە مالْەکەی پاکەو نانیش ئامادەیە بیخوات ئیتر مانای ئەوەیە کە هەست و سۆزی ئەو ژنەی داگیر کردووە وبە تەنها هەلْگری هەست و سۆزی ئەوە ، بەلام لە ڕاستیدا چەند پیاوان هەلْەن هێندەش ژنان خۆیان چێژ لەو ئاستە ژیانە وەردەگرن ،ژیانێکی بێ بەرهەم دوور لە هەموو چالاکیەکی هزری وئاوەزی و هۆشمەندی ،چونکە لە بنەمدا هزر و هۆشیاریان هەر ئەوەیە کە پراکتیکی دەکەن .

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە دوو هەلْبژاردەی لە بەردەمدایە کە پێی بژی ،یەکێکیان : ژیانە لە ئاستی پێداویستیە سەرەکیەکانی وەکو خواردن وخواردنەوە سێکسی تێدا سەقامگیر بێت کە لە گەلْ ژیانی ئاژەلێکدا جیاوازی نیە وئاژەلانیش هەر وادەژین ،دوو : ژیانێک کە لە نێو پێکهاتە هزری وڕۆحی و مرۆیەکاندا بەردی بناغە هەلْدەکۆلێت ، بەلام ئەگەر سەیری ژن بکەین یەکەمیان هەلْدەبژێرێت لە پێناوی پاراستنی ئەو هێلانەی کە تێدا دەژی و مافی هەبوونی خواردن و خواردنەوەو سێکسەکەی دەداتێ .بەلام غەفلْتگیری پیاوان کەم ئاستی ئاوەزیان لەوێدا ئاشکرا دەبێت کە زۆر جار ئەم جۆرە ژیانە دەبێت بە هۆی ئەوەی لە ناکاودا زلەی واقع بەر ڕوومەتی ئەو ژنە بکەوێت پەنا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایە ڕۆحیەکان لای پیاوانی تر بدات .

ئەو ژنانەی هەر لە سەرەتاوە بەو هێندە بەشە کارای ئاوەزیان ژیانیان خوێندووەتەوە کاتێک بە هەر شێوەیەک بێت لە دەستی چەوسێنەرەکەیان دێنە دەرەوە ، ئەمانیش دەبن بە چەوسێنەرێکی دی جارێکی چەوسێنەری جەستەیی خۆیان و جارێک چەوسێنەری ڕەگەزی بەرانبەرِ ، تەنها ئەگەر هاوپۆلەکەی خۆم بە نموونە وەربگرم ئەوا هەموو هەڵس و کەوتەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو مرۆڤە زۆربەی خاڵەکان و فاکتەرە هەڵەکانی بەشی پێشووی نێوان ژن وپیاوی لە نیوان خۆی ئەو هاوسەرەی کە لە گەڵ دوو منالّکەیدا بە جێیهێشتبوو تاقی کردووەتەوە ، واتە ئەو بە عەقلّیەتی لە کارکەوتوو لە گەڵ پیاوێکی غافلگیر لەوانەی کە تەنها لە ژیانە ئاژەلّێکەدا ژن دەبیننەنەوە ،لە ناکاودا کە جامی پڕ بووە راستەوخۆ بە جێهێشتنی کاردانەوەی هەبووە و وولّات بە وولّات گەراوە هەتا بەو دوایە لەم وولّاتەدا نیشتە جێ بووە ، وە لە بەر ئەوەی خاوەنی ئاوەزی ناکارا و باوەربوو بە خۆشەویستی پشت بەستووە بە بەرانبەرە . ئەو جۆرە خۆشەویستیەی کە *ڕێژەیەکی زۆری ژنانی کورد متمانە دەخەنە سەر ئەو جۆرە خۆشەویستی یە ، واتە نواندی خۆشەویستی دەکەن لە بەردەمی پیاوێکدا* لە پێناوی ژیاندا وەکو لە پێشەوە گووتمان لە ئەم پێشکەش کردنی جەستە و لە ئەویش پارە و خزمەت بە جیاوازی هێلێکی باریک لە نێوان ڕۆژهەلّات ورۆژئاوادا ، ئەویش یەکەمیان دەبێت بە لەش فرۆشی هەر رۆژەی رەنگێک ، فرەیی ، دووەمیان دەبێت بە خۆفرۆشی تایبەت هەروەکو سەرمایەی تایبەت ئەویش لە ڕێگەی مەشروعیەتی هەبوونی Boy Friend واتە پێکەوە ژیانی لە گەڵ هاوڕێی کورِ ،دیارە من دژی ئەو پرۆسەیە نیم بەو شێوەیە کە ناوی بنێم لەش فرۆشی ێ ئەگەر بۆی فرێند گرتنەکەی لە سەر بنەمای خۆشەویستی بێت ، بەلّام کاتێک دەبێت بە بەرژەوەندی گۆڕینەوەی جەسەدی و مادی یەکەم لای ژنەوەو دووەم لای پیاو ئەمانەیان دەبێت بە لەش فرۆشی لە ژێر ناوێکی دیدا ، وە بە هیچ شێوەیەک ئەو بۆچوون و کردانە لە گەڵ بۆچوون و هزری فیمنستیدا وێک ناگرێتەوە و ئەوەی ئەو کردانە دەکات بە بەهانەی هەلّگری ئەو بیروبۆچونە تەنها ووشەکەی بینیوەو نازانێت واتای چیە ، جگە لەوەی هەولّ دەدات شەرعیەتێک بۆ ئەو کارە بدۆزێتەوە کە خۆی دەزانێت هەڵەیە و بەلّام بە سەر خۆی ناهێنێت و هەمیشە لە هەولّی گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی پاساوێکی سڕێنەر .

## *مرۆڤ ، خود ، سەنترالیزمی بوون:*

*لە ڕوانگەی سەنترالیزم بوونی مرۆڤەوە لە جیهاندا ،دەتوانین بلێین هەندێ مرۆڤ خاوەنی عەقلّی کاراش نەک پەککەوتە بەلّام ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسیش دەبنەوە ،وە دەتوانین بلّێین سەنتەری جیهان بۆ هەر مرۆڤێک خود ( ذات ) ی خۆیەتی ،چونکە جیهان هێندە ئیدراک و مەزندەی تۆ بۆی بوونی هەیە ،کە بێ گوومان ئەو ئیدراک کردنەش مەرجە مادی و مەعنەویەکانی تێدەکەوێت بە شێوەیەک دەتوانین بلّێن جیهان هێندەی دروستی بینینی تۆ و ساغی چاوەکانت واتە بە پێی بینینی تۆ بوونی هەیە . کە دەکرێت بینین و جیهانبینی تۆی مرۆڤ جیهانی جوانتر یان ناشیرین تر بەرجەستە بکات ، هەر ئەو بینینەش دەبێت بە هۆی تێروانینی و ڕاڤە کردن و بۆچونەکان سەبارەت بە ژیان و جیهان کە سەنترالیزمی تۆی مرۆڤی تێدا دەردەکەوێت .ئەمە سەبارەت بە هەستەوەرەکانی تریش هەر وایە ، لێرەوەیە کە ئیدراکی*

زانایەک لە گەڵ نەزانێک و منداڵێک لە گەڵ گەورەیەک و برسیەک لە گەڵ تێرێک و هەست کردن بە تەواوی پنتە هەستەوەرێکانی مرۆڤ جیادەکرێتەوە ، هەر بە پێی ئەو تێگەشتن و ئیدراک کردنەش مرۆڤ یاخود خودی دەتوانێت سەنترالیزمێکی کارا بێت یان پک کەوتە

ئەو خودەش تەنها لە بۆشاییدا هەست بە سەنترالیزمی بوونی خۆی ناکات ، یاخود تەنها بە تێکەڵاو بوون و ئنتما بوونی بۆ ڕەگەزەکەی تر ، بەڵکو پێویستی بە ئنتما بوون بە دایک و باوک ، خزم و دوست و هاورێ و شار و کوچە و کۆڵانەکانی منداڵیش هەیە ، پێویستی بەو کۆمەڵەیە کە ئاشنای باوەڕ و یاسا و پرەنسیپە مرۆڤایەتیەکانن ، جگە لە ژینگە و کاریگەریەکانی کە سەرجەم ئەوانە بەشێکن لە کاریگەریانە لە سەر یەک خود و جیهان کە جودی ئەو دەبێت بە سەنتالیزمی ، هەتا دەگات بە کاریگەری گۆڕینەری نێوان مرۆڤ و ئەو ژینگانە ، بە شێوەیەک مامەڵەیان لە گەڵ دەکات وکاریگەریان لە سەر دەبێت و کاریگەری دەبێت لە سەریان ،بەو شێوەیە وەکو یەکەیەکی یەکگرتووی لێ دێ کە نەتوانرێت بە شێوەی ڕەها جیاوازی نێوان من (الانا ) –من نا – ( اللاانا ) بکات لێرەوەیە کە من _الانا – لە گەڵ جیهاندا یەک دەگرێت لە میانەی گەشتن بەو ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ئەو جیهانە مرۆڤ دەتوانێت بگات بە پنتەکانی –من- الانا – و دۆزینەوەی ناوەرۆک .

کەواتە مرۆڤ پێویستە لە جیهان و لە خودی خۆی و لە سروشت و پشتی سروشت بگات هەروەها پەیوەندیەکانی ئەو جیهانانە بە یەکەوە ، بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیانەش پێویستە مرۆڤ بگات بە پێویستیە بنەمایەکانی متمانە بەخشی بە مانەوە ،ئەوانەی لێکۆڵیاری ئەمەریکی ماسلۆ بە خواردن و خواردنەوە و سێکس دایاندەنێت , کە دیارە ئەمیش خۆشەویستی تەنها بە سێکس چواندووە ... بەڵام بە ڕای ئێمە سێکس لە دەرەوەی خۆشەویستی کردەیەکی بەربەرییانە دەبەخشێت ، پێم وایە ئەو دڵنیاییانەی کە خۆشەویستی ڕاست دەیبەخشێت لە پەیوەندی سۆزداریدا هەیە لە دۆخی پەیوەندی بێ خۆشەویستی سۆزدا نیە .ئەو هەست کردنەس ئەم پێداویستیانە لە گەڵ پێداویستیە سەرەکیەکان یەکسان دەکات . لەوانە :

- هەست بە ئەمان کردن .
- هەست بە ئنتیما کردن .
- هەست بە دان پێدانان لە لایەن کۆمەڵەوە .
- هەست بە بەهای خودی کردن .
- هەست کردن بە ئنتما بۆ جیهانی یوتوبی خۆشەویستی .

مرۆڤ هەرگیز ناگات بە چێژی ژیان هەتا ئەو پێداویستیانەی نەهێنێتە دی لە هەمووشیان زیاتر هەست کردن بە ئەمان بە دڵنیایی کە ئەمە یەکێکە لە فاکتەرە ئیجابییەکان ، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ بەرەو پێش چوون ، هەروەها مامەڵە کردن لە گەڵ کارەساتەکان وەکو کەسێک کە متمانەی بە خۆی هەیە و هەست بە دڵ نەوایی و بتەوی بڕیارەکانی دەکات ، چونکە شوناسی تاک لە ناو کۆمەڵدا لە سەر بنەمای متمانە خودیەکانی دەست نیشان دەکرێت ،لەوێوە دان پێدانانی کۆمەڵ بۆ ئەو کەسە دەستە بەر دەبێت ، پێچەوانەی فاکتەرە

***نەگەتیڤەکانی وەکو ترس و غەم .( بگەڕێوە بۆ ڕەهەندی چوارەم لای ژنانی ئەفال ....کاریگەری غەم ) .***

***لە نێوان تەوەری یەکەم و دووەم ، پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ ، یەکەمیان دەتوانێت پەیوەندی یەکسانی وجدانی لە گەڵ بەرانبەردا هەبێت کە دیداری نێوان دوو شوناس دەکات ، واتە ئامادەگی دوو بەرە ، خۆ ئەگەر ئەو فاکتەر ئامادە نەبوو واتە لایەنگری لە یەکێکیان و دەسەلاتخوازی و ووشکی لە گەڵ هەبوونی نواندنێکی ڕوخساری لای یەکێکی دییان، کە ئەو پەردەیەش زوو هەڵدەدرێتەوە ،ئەوەش هەرگیز پێکگەشتنی هەردوو شوناس ناکات ،ئەوەش جگە لەوەی کۆڵەکەی شوناسی ئەوی نوێنەر هەڵدەکەنێت ،باوەڕی ئەوی دیش لەق دەکات شوناسی خۆشەویستی لەوێدا پێ دەدۆڕێنێت .شوناسە جیاوازەکانی دی جێگەی دەگرنەوە .***

**جەنیوەری** 2005 – **کەنەدا**
www.kaziwasalih.com